زمانی کوردی
لە ئاستی فۆنۆلۆجیدا

پرۆفیسۆر د. وریا عمر امین

ئەکادیمیای کوردی
زانکۆی جیهان
زانکۆی بەغداد

هەولێر – ٢٠٢٣

Facebook: Waria Omar Amin
Email: wariaamin@gmail.com
Viber/ WhatsApp: 07508171937
Mobile: 07508171937/ 07736767391
Blogsite: http://wariaomaramin.blogspot.com

زمانی کوردی
لە ئاستی فۆنۆلۆجیدا

زمانی کوردی
لە ئاستی فۆنۆلۆجیدا

پڕۆفیسۆر د. وریا عمر امین

ئەکادیمیای کوردی
زانکۆی جیهان
زانکۆی بەغداد

هەولێر – ٢٠٢٣

بیروڕاگەلێك كە لەم كتێبەدا هاتوون، بەرپرسیارێتی سەرلەبەریان تەنیا دەگەڕێتەوە بۆ خاوەنی، ئەكادیمیای كوردی لێیان بەرپرس نییە.

* ناوی كتێب: زمانی كوردی لە ئاستی فۆنۆلۆجیدا
* نووسەر: پرۆفیسۆر د. وریا عمر امين
* بەرگ و سەرپەرشتی هونەری: عوسمان پیرداود .
* نەخشەسازی: عیسام موحسین.
* بڵاوكراوەی ئەكادیمیای كوردی، ژمارە (٥٢١).
* چاپخانەی زانكۆی سەلاحەددین – هەولێر
* لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی كتێبخانە گشتییەكان ژمارەی سپاردنی(   )ی ساڵی ٢٠٢٣ی پێدراوە.

– هەموو مافێكی چاپكردن بۆ ئەكادیمیای كوردی پارێزراوە.
– ئەم كتێبە نابێت بەهیچ جۆر بێ ڕەزامەندیی ئەكادیمیای كوردی دووبارە چاپ بكرێتەوەو وێنەكانی لەبەر بگیرێتەوە.

پێشەکی

ناوەرۆکی ئەم کتێبە، ئەو باس و لێکۆڵینەوانە ی گرتۆتەخۆ کە تایبەتن بە شیکردنەوەی زمانی کوردی لە ئاستی فۆنۆلۆجیدا ، پێشتر لە گۆڤارەکاندا بڵاوبوونەتەوە. تیایاندا جیاوازیی نێوان شیکردنەوەی فۆنەتیکی و فۆنۆلۆجی و یاسا سەرەکییەکانی فۆنۆلۆجی و دیاردەی لێڵیی فۆنۆلۆجی لە زمانی کوردیدا دەسنیشان دەکات.

لە هەر باسێکدا ئاماژە بە شوێن و مێژووی بڵاوکردنەوەکەی دراوە. لە پێناو ڕەچاوکردنی پێڕەوی لێکۆڵینەوەی زانستی دەبێ لێکۆڵەر ئاماژە بە شوێن و مێژووی ئەو گۆڤارە بکات کە بۆ یەکەم جار تیایدا بڵاوکراوەتەوە ، نەك ئەم کتێبە ، چونکە نرخی زانستیی هەرباسێك بەندە بە مێژووی یەکەم بڵاوکردنەوەکەی.

زۆر سوپاسی ئەکادیمیای کوردی دەکەم کە ئەرکی لە چاپدانی ئەم کتێبەی خستە ئەستۆ.

وریا عمر امین

2019 - 6 – 30

ناوەرۆک

ـ فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی ٩
له گۆڤاری کۆڕی زانیایی عیراق ـ دەستەی کورد ـ بەغداد.
ژ ٢٠ ساڵی ١٩٨٩ ل ٢٣٩ – ٢٥٩ بڵاوکراوەتەوە.
ـ له یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی ٢٣
له گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ. ژ ١٣٦ ساڵی ١٩٩٥ ل ٦٦ - ٦٩ بڵاوکراوەتەوە.
ـ هێز و ئاواز ٣٣
له گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ. ژ ١٣٤ ساڵی ١٩٩٤ ل ١٣ - ١٦ بڵاوکراوەتەوە.
ـ یاسایێکی فۆنۆلۆجی ٤٣
له گۆڤاری ڕۆژی کوردستان ـ کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کورد – بەغدادز
ژ ٦٦ ساڵی ١٩٨٤ ل ٥١ – ٥٢ بڵاوکراوەتەوە.
ـ یاسای دەرکەوتنی (ر) ٤٧
له گۆڤاری ڕۆژی کوردستان ـ کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کورد – بەغداد.
ژ ٧٢ ساڵی ١٩٨٦ ل ١٩ - ٢٠ بڵاوکراوەتەوە.
ـ فۆنیمەکانی زمانی کوردی ٤٩
له گۆڤاری نووسەری کورد – یێکیێتیی نووسەرانی کورد – بەغداد.
ژ ٨ ساڵی ١٩٨٢ ٢٩ – ٣٥ بڵاوکراوەتەوە.
ـ (ێت) ی شێوێنەر ٥٥
له گۆڤاری ڕامان – دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی گوڵان.
ژ ٣٩ ساڵی ١٩٩٩ ل ٢٣٤ – ٢٣٥ بڵاوکراوەتەوە.
ـ لێکۆڵینەوەیێکی مۆڕفۆفۆنیمی ٦١
له گۆڤاری کۆڕی زانیایی عیراق ـ دەستەی کورد ـ بەغداد.
ژ ٢٩ و ٣٠ ساڵی ٢٠٠٢ ل ٢٩١ – ٢٩٧ بڵاوکراوەتەوە
ـ فۆنۆلۆجی ٦٩
له گۆڤاری کاروان ـ ئەمینداریێتیی گشتی بۆ ڕۆشنبیری و لاوان ـ هەولێر.
ژ ٢٠ ساڵی ١٩٨٤ ل ٣٤ – ٣٧ بڵاوکراوەتەوە.
ـ کەی (ات) وکەی (ێت) ٧٧

له گۆڤاری ڕۆژی کوردستان ـ کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کورد – بەغداد.
ژ ٧٠ ساڵی ١٩٨٥ ل ٢٠ – ٢١ بڵاوکراوەتەوە.
ـــ فۆنیمەکانی زمانــی کـوردی ٨١
له گۆڤاری نووسەری کورد – گۆڤاری یەکیەتیی نووسەرانی کورد .
ژمارە (٨) ساڵی ١٩٨٢ ، ل ٢٩ – ٣٥ بڵاوکراوەتەوەه.
ـ مۆر فۆفۆنۆسـینتاکس... ٨٧
ئەم باسە لە گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی
ژمارە (٢٣)ی ساڵی (٢٠١٢)دا بڵاوکراوەتەوە.
ـ جووتۆکە ٩٧
لە ڕۆژنامەی (هاوکاری) ژ1170 ی (16 / 4 / 1990) دا بڵاوکراوەتەوە
ـ سـێتیلە ٩٩
لە رۆژنامەی بەدرخان ژمارە ٩٠ ی ٢٠٠٨/٢/٢٢ دا بڵاوبۆتەوە
ـ ڕەگی داهاتوو بە یەک یاسا ١٠١
لـە گۆڤـاری ڕامـان – دەزگای ڕۆشـنبیری و ڕاگەیاندنـی لاوان ، ژمـارە (٤٩) سـاڵی (٢٠٠٠) ، ل ٢٣٣ – ٢٣٤ بڵاوکراوەتـەوە.
ـ سەرگوزشتەی زانسـتیی د. وریا عمر امین... ١٠٦

فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی

زۆربەی ئەوانەی باسی دەنگەکانی زمانی کوردییان کردووە فۆنەتیک و فۆنۆلۆجییان لێک جیا نەکردۆتەوە. بابەتەکانی فۆنۆلۆجی بەفۆنەتیکی ناودەبەن و ناوی فۆنۆلۆجی ناهێنن[١].

فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی دوو بواری زۆر جیاوازن. هەریەکە باسی لایەنێکی زمان دەکات و هەر یەکە ئامانج و پەیڕەوی تایبەتیی خۆی لە شیکردنەوەدا هەیە. هەر باسێکی زمانەوانی لە دەنگەکانی زمان بکۆڵێتەوە و ئەم دوو لایەنە جیا نەکاتەوە تێکەڵوپێکەڵ دەردەچێ و بەر پەیڕەوی زانستی ناکەوێ.

ئەم باسە هەوڵدانە بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێ جیاوازی لە نێوان ئەم دوو لقەی زانستی زمان.[٢]

کە یەکێ قسە دەکات زانیاری (کە لە مێشکیا پارێزراوە) دەخاتە ناو قالبی ڕیزە دەنگێکەوە، کە بەئەندامانی ئاخاوتن دروستیان دەکات. دەنگەکان بەهۆی شەپۆڵەکان لە هەوادا دەگوێزرێنەوە. گوێ وەریان دەگرێ و هەواڵەی مێشکیان دەکات. مێشک شییان دەکاتەوە دەیانپارێزێ - واتا: قسە بەلای کەمی سێ قۆناغی هەیە.

فۆنەتیک ئەو لقە زانستی زمانەیە کە لە دروستکردن و گواستنەوە و وەرگرتنی دەنگەکانی زمان دەکۆڵێتەوە وەک دیاردەیێکی گشتی. واتا دەنگەکانی زمان دەشێ بەلای کەمی لە سێ سووچەوە سەیریان بکرێ و لێیان بکۆڵرێتەوە:

١- لە ڕووی دروستکردنەوە Articulatory phonetics ئەمە میکانیزمییەتی ئەندامانی ئاخاوتن دەگرێتەوە.

٢- لە ڕووی چۆنیەتیی گواستنەوەی دەنگەکان لە هەوادا بەهۆی ئەو شەپۆلانەی بەهێزی ڕەوتی بای لە سییەکانەوە هاتوو و جوولانەوەی ئەندامانی ئاخاوتنەوە دروست دەبن

Acoustic phonetics.

٣- لە ڕووی وەرگرتنی ئەم دەنگانەوە بەگوێ و شیکردنەوە و پاراستنیان لە مێشکا Auditory phonetics ئەمەیان میکانیزمییەت و فسیۆلۆجییەتی گوێ و مێشک دەگرێتەوە.

لەبەر چەند هۆیێک کە پەیوەندییان بەسروشتی ئامانجەکانی زانستی زمانەوە هەیە... زانستی زمان لە بواری وەسفیدا بەشێوەیێکی گشتی بایەخ هەر بەلقی یەکەم دەدا. دوو لقەکەی تر بواری تریان لێ بۆتەوە. پەیوەندییان زیاتر بەلقەکانی تری زانستەوەی وەک فیزیا و کۆمپیوتەر... هتد هەیە، یا وەک بابەتی سەربەخۆ لەناو چوارچێوەی زانستی زمانی گشتیدا باس دەکرێن. لەم باسەدا بەکورتی لە چەمکی فۆنەتیک لە ڕوانگەی دروستکردنەوە دەدوێن. ئینجا لەگەڵ فۆنۆلۆجییا بەراوردیان دەکەین و جیاوازیی نێوانیان ڕوون دەکەینەوە.

فۆنەتیک ئەو لقەی زانستی زمانە کە لە کەرەسە هەرە خاوەکانی زمان دەکۆڵێتەوە و شییان دەکاتەوە. کەرەسە خاوەکانی زمان ئەو تاکە دەنگانەن کە بەهێزی ڕەوتی بای لە سییەکانەوە هاتوو و[٣] لە ئەنجامی کۆمەڵە جووڵانەوەیێک کە لە پەردەی ناوپنچکەوە دەست پێ دەکات و سۆرێنچک و قورگ و بەشەکانی زار و لووت بەشداری دەکەن، دروست دەکرێن.



ئەندامانی ئاخاوتن:

١- لێوەکان

٢- ددانەکان

٣- پووک

٤- ڕەقە مەڵاشوو

٥- نەرمە مەڵاشوو

٦- زمانۆکە
٧- پێشەوەی زمان
٨- ناوەڕاستی زمان
٩- دواوەی زمان
١٠- گەروو
١١- لەهات
١٢- ژێیەکانی دەنگ
١٣- سەری زمان

فۆنەتیک ڕوونی دەکاتەوە چۆن هەر تاکە دەنگەی زمان دروست دەکرێت... لە چ بەشێکی زاردا... هەڵوێستی ئەندامانی ئاخاوتن لە کاتی دروستکردنیان چۆنە، تایبەتییەتی و سیماکانی هەر دەنگە چییە و چۆن لە دەنگەکانی تر جیا دەکرێتەوە... هتد.



بۆ نموونە فۆنەتیک بەم جۆرە ڕوون دەکاتەوە چۆن دەنگی (ک) دروست دەکرێت، ناوەڕاستی زمان بەرز دەبێتەوە و خۆی لە نەرمە مەڵاشوو دەدات... ڕێی بای لە سییەکانەوە هاتوو دەگرێ و تەوژمێ دروست دەبێ. لە پڕ زمان نزم دەبێتەوە. دەنگی (ک) دروست دەبێ.

گەر لە کاتی دروستکردنی ئەم دەنگە (ژێ[٤])کان لەرینەوە دەنگەکە دەبێتە (گ). واتا (ک) و (گ) لە هەمان شوێنا لە زاردا دروست دەکرێن، ئەوەی ئەم دوو دەنگە هاوشوێنە لێک جیا دەکاتەوە هەڵوێستی (ژێ)کانە. لە کاتی دروستکردنی (ک)دا نالەرنەوە و لە (گ) دەلەرنەوە.

بۆ دروستکردنی دەنگی (س). بەشی پێشەوەی زمان نزیک بەشی پێشەوەی مەڵاشوو دەبێتەوە و کەلێنێ پێک دەهێنێ. بای لە سییەکانەوە هاتوو بەم کەلێنەدا تێدەپەڕێ دەنگی (س) دێتە بەرهەم.



گەر لە کاتی دروستکردنی ئەم دەنگە ژێکان لەرینەوە دەنگەکە دەبێتە (ز).

گەر دواوەی زمان بەرەو نەرمە مەڵاشوو بەرز کرایەوە دەنگەکە دەبێتە (ص).

[س]، [ز] و [ص] هاوشوێنن. ئەوەی لێکیان جیادەکاتەوە هەڵوێستی ژێکان و زمانە.





بۆ دروستکردنی دەنگی [پ] لێوی خوارەوە و سەرەوە دێنە یەک و ڕێی بای لە سییەکانەوە هاتوو دەگرن. تەوژمێ پەیا دەبێ لێوی خوارەوە لە پڕ نزم دەبێتەوە وەک تەقینەوەییێک دەنگی [پ] دێتە بەرهەم.

گەر لە کاتی وتنی ئەم دەنگە ژێکان لەرینەوە دەنگەکە دەبێتە [ب]. گەر بای لە سییەکانەوە هاتوو لە لووتەوە دەرهێنرا دەبێتە [م].

لەوەی ڕابورد دەردەکەوێ کە هەر چەند دەنگێک لە هەمان شوێن لە زاردا دروست دەکرێن. ئەم دەنگانە ناو دەنێین (هاوشوێن). بۆ نموونە:

[ب، پ، م] هاوشوێنن هەموو بەلێکدانی لێوی سەرەوە و خوارەوە دروست دەبن. پێیان دەوترێ (لێوی) bilabial.

لە [ت، د، ن] سەری زمان خۆی لە ددانەکانی سەرەوە دەدات. پێیان دەوترێ (ددانی) dental.

لە [ف، ڤ]دا لێوی خوارەوە خۆی لە ددانەکانی سەرەوە دەدات پێیان دەوترێ لێودانی labio - dental.

لە [ک، گ]دا ناوەڕاستی زمان خۆی لە مەڵاشوو دەدات، پێیان دەوترێ (مەڵاشوویی) palatal. ئیدی بەم جۆرە.

ئەوەی دەنگە هاوشوێنەکان لێک جیادەکاتەوە هەڵوێستە manne of articulation.

ئەو هەڵوێستانەی ناومان هێنان ئەمانە بوون.

١- هەڵوێستی ژێکانی دەنگ لە کاتی دروستکردنی دەنگەکان. (لەرینەوە – نەلەرینەوە).

ئەو دەنگانەی کە لە کاتی دروستکردنیان ژێکان لەرینەوە بە(ژێدار) voiced ناودەبرێن وەک [ب، ز، گ، ڤ، د].

ئەو دەنگانەی کە لە کاتی دروستکردنیان ژێکان نەلەرینەوە وەک [پ، س، ک، ف، ت]. بە(بێ ژێ) voiceless.

٢- هەڵوێستی [زار] بەرامبەر [لووت]. ئەو دەنگانە لە کاتی دروستکردنیان گەر بای لە سییەکانەوە هاتوو لە زارەوە دەرچێ بە(زاری) oral ناودەبرێن. وەک [ت، ڤ، ش، خ...] گەر بایەکە لە لووتەوە دەرچێ بە(لووتی) nasal ناودەبرێن وەک [م، ن].

٣- هەڵوێستی دواوەی زمان [بەرزی] بەرامبەر [نزمی]. ئەو دەنگانەی کە لە کاتی دروستکردنیان دواوەی زمان بەرەو نەرمە مەڵاشوو بەرز دەبێتەوە بەقەڵەو (مەڵاشوێنراو) palatized ناودەبرێن وەک [ڵ، ط، ص].

واتا هەر دانە دەنگەی زمان بەدوو لایەن دەستنیشان دەکرێت.

١- شوێنی دروستکردن Place of articulation

٢- هەڵوێتسی دروستکردن Manner of articulation ئەم لایەنانە سیماکانی فۆنێتیکی phonetic features دەنگەکانن.

واتا: هەر دەنگەی چەند سیمایەکی هەیە. وەک:

سیماکانی [ب] ئەمانەن:

١- لێوی bilabial

٢- ژێدار voiced

٣- زاری oral

سیماکانی [پ] ئەمانەن:

١- لێوی bilabial

٢- بێ ژێ voicless

٣- زاری oral

سیماکانی [م] ئەمانەن:

١- لێوی bilabial

٢- ژێدار voiced

٣- لووتی nasal

جیاوازیی نێوان ئەم سێ دەنگە هاوشوێنە لەم نەخشەیەدا ڕوون کراوەتەوە.

لێوی		
	زاری	لووتی
ژێدار	ب	م
بێ ژێ	ب	–

	لێوددانی
ژێدار	ڤ
بێ ژێ	ف

سیماکانی [ف] ئەمانەن:

١- لێوددانی labio - dental ٢- بێ ژێ voicless

سیماکانی [ڤ] ئەمانەن:

١- لێو ددانی labio - dental ٢- ژێدار – voiced

دەنگەکانی هەر زمانێ دەشێ بەم پەیڕەوە پۆلێن بکرێ و هەموو لە یەک نەخشەدا کۆ بکرێنەوە. بۆ نموونە دەنگەکانی زمانی کوردی بەم جۆرە پۆلێن کراوە[٥]:

	لێوی	لێوددانی	ددانی	پووکی	پووکە– مەلاشوویی	نەرمە– مەلاشوویی	زمانکۆیی	گەروویی	ژێیی
تەقیو	پ ب		ت د			ک گ			
خشەدار		ف ڤ		س ز	ش ژ		خ غ	ح ع	ھ
شەکاوە				چ ج					
کەپوویی	م		ن						
لازمانی				ل ڵ					
هەژۆک				ر ڕ					
شێوە بزوێن	و (w)				ی (y)				

دەنگەکـانی زمـان لە ڕوویەکی ترەوە دەبنە کپ Consonants و بزوێن Vowels. لە ڕووی چۆنیەتی دروستکردنیان فۆنەتیک بەم جۆرە جیایان دەکاتەوە.

گەر لە کاتی دروستکردنی دەنگ دوو بەشی زار پێک کەوتن یا بەڕادەیێ لێک نزیک بوونەوە خشە دروست بکات ئەوە (کپ)ە. گەر پێک نەکەوتن ئەوە (بزوێن)ە.

[ت] دەنگێکی کپـە، چونکە لە دروستـکردنیـا پێشـەوەی زمـان خۆی لە ددانەکـانی سەرەوە دەدات. (گ) کپە، چونکە ناوەڕاستی زمان خۆی لە نەرمە مەڵاشوو دەدات. بەڵام (ا، ـە، ۆ، وو، و، ی، ێ...) هەموو بزوێنن، چونکە لە کاتی دروستکردنیان هیچ بەشێکی زار بەهیچ بەشێکی تر ناکەوێ و بای لە سییەکانەوە هاتوو بێ تەگەرە بەزارا تێدەپەڕێ.

دەنگە بزوێنەکـانیش بەهۆی چەند سـیـمـاییێک لێک جیـادەکرێنەوە و پۆلێن دەکـرێن. سیماکانی بزوێنەکان ئەمانەن:

١- هەڵوێستی زمان چۆنە. واتا چ بەشێکی بەرز دەبێتەوە و چ بەشێکی نزم دەبێتەوە. بۆ ئەمە زمان کراوەتە سێ بەش.

١- پێشەوەی زمان

٢- ناوەڕاستی زمان

٣- دواوەی زمان

٢- هەڵوێستی لێوەکان (خڕن) rounded یا بەش بوونەتەوە spread.

٣- درێژی و کورتیی دەنگەکە...

بۆ نموونە لە دروسـتـکردنی دەنگی [و]دا دواوەی زمـان بەرەو نەرمـە مـەڵاشـوو بەرز دەبێتەوە. لێوەکان شێوەی (خڕ) دەگرنە خۆ وەک لەم وێنەیەدا ڕوون کراوەتەوە.



[ی] [î]



[و] [وو]

ئەگەر دەنگەکە درێژکرایەوە دەبێتە [وو].
بۆ دروستکردنی دەنگی [ی] ناوەڕاستی زمان بەرەو نەرمەمەڵاشوو بەرزدەبێتەوە. لێوەکان لە باری ئاساییدا دەمێنێنەوە...
گەر دەنگەکە کورت کرایەوە دەبێتە [i].
فۆنەتیک هەر لەو دەنگانە ناکۆڵێتەوە کە لە نووسینا بەپیت دەردەبڕێن. کەرەسەی (دەنگی)ی تر هەن کە زۆر گرنگن لە زمانا، بەڵام لە نووسینی ئاساییدا هیچ نیشانەییێکیان بۆ نییە. وەک:
١- هێز stress وزەییێکی زیاترە (بەگوێرەی بەشەکانی تر) دەخرێتە سەر یەکێ لە بڕگەکانی وشە یا دەستەواژە. بۆ نموونە لە وشەی [ئازاد]دا هێز کەوتۆتە سەر دوابڕگە. لە وشەی [چونکە] هێز کەوتۆتە سەر بڕگەی یەکەم. لە وشەی [نوستن]دا هێز دەکەوێتە سەر بڕگەی یەکەم گەر مەبەست (ئەوان نوستن) بوو، دەکەوێتە سەر بڕگەی دووەم گەر مەبەست بابڵێین (نوستن خۆشە) بوو.
٢- ئاوازە intonation. گۆڕینی ئاوازی ڕستەیە بۆ گەیاندنی مەبەستی جیاواز. هەر ڕستەییێک دەیان مانا دەگەیەنێ بەپێی ئاوازەکەی. وەک لەم ڕستەیەدا:
ئازاد دوێنێ دوو کتێبی چاکی بۆ هێنام.
ڕستەکە بکەرە وەڵامی ئەم پرسیارانە، [کێ، کەی، چەند، چی، چۆن] دەردەکەوێ بۆ هەریەکە ئاوازێکی هەیە جیاواز لەوانی تر.
٣- تۆن ton ئاوازی بڕگە یا وشەیە. لە هەندێ زمانا بەگۆڕینی ئاوازی بڕگە یا وشە مانای وشەکە دەگۆڕێ، وەک زمانی بورمی و تایلاندی.
فۆنەتیک لەو کەرەسانە هەموو دەکۆڵێتەوە وەک کەرەسەی زمان بەگشتی.

فۆنۆلۆجی

هەر زمانێک دەستەییێک یاسای تایبەتی بەخۆیەوەی هەیە:
١- فۆنیمەکانی [لە دەنگەکانییەوە] دەستنیشان دەکات.
٢- لەناو قاڵبی بڕگەی فۆنەتیکیدا ئەم فۆنیمانە لێک دەدات بڕگەی فۆنۆلۆجی پێک دەهێنێ.
٣- لە ئەنجامی لێکدانی فۆنیمەکان. دەنگ هەیە دەگۆڕێ. هەیە دەتوێتەوە. هی تازە پەیا دەبێ... هتد.

ئەو یاسایانەی ئەو ئەرکانە جێبەجێ دەکەن بەیاساکانی فۆنۆلۆجی ناودەبرێن.

واتا: فۆنۆلۆجی شتێکی تایبەتییە بەپێچەوانەی فۆنەتیک کە گشتییە. بۆ جیاکردنەوەی جیاوازیی نێوان فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی ئەم بەراوردییە دەخەینە ڕوو:

زمانی کوردی و عەرەبی[٦] لەم شەش دەنگە بەشدارن. [ر، ڕ، س، ص، ل، ڵ] وەک لەم نووسینانەدا دەردەکەوێ.

دەنگ	کوردی	عەرەبی
ر	پەری	برد (سەرما)
ڕ	کڕین	حر (گەرما)
س	سەوز	سماء (ئاسمان)
ص	صاڵ	صباح (بەیانی)
ل	لانک	لیل (شەو)
ڵ	گوڵ	الله (خوا)

ئەوەی سەرنج ڕادەکێشێ ئەوەیە لە نووسینی زمانی کوردیدا (ر) و (ڕ) جیاکراونەتەوە، کەچی لە هی عەرەبییا جیانەکراونەتەوە و بەدووان یەک نیشانەیان هەیە. هۆی ئەمە ئەوەیە لە زمانی کوردیدا (ر) و (ڕ) دوو شتی جیان، وەک: چۆن (س) و (ل) یا (س) و (ب) جیان، چونکە ئەم دوو دەنگە واتا (ر) و (ڕ) دەتوانن لە هەمان بیئەدا دەرکەون و مانا بگۆڕن؛ وەک لەم نموونانەدا دەردەکەوێ.

برین	بڕین
کەر	کەڕ
وەرین	وەڕین
پەری	پەڕی

... هتد.

لە زمانی عەرەبیشا ئەم دوو دەنگە جیاوازە هەن بەڵام یەک نرخیان هەیە. چونکە هیچ وشەیێک لەم زمانەدا نادۆزرێتەوە تیایا (ر) و (ڕ) ئاڵوگۆڕ بکرێ کار لە مانا بکات. هۆی جیاوازیی نێوانیان ئەنجامی کارتێکردنی ئەو بیئە جیاوازانەیە کە تیایا دەردەکەون. بەم جۆرە (ر) و (ڕ) لە زمانی کوردیدا دوو فۆنیمی جیان و لە زمانی عەرەبیدا سەر بەهەمان فۆنیمن.

فۆنیم	عەرەبی	کوردی	فۆنیم
/ر/	برد –	[ر] – برین	/ر/
	حر –	[ڕ] – بڕین	/ڕ/

[ ] نیشانەیە بۆ دەنگ

/ / نیشانەیە بۆ فۆنیم

بەپێچەوانەوە. دوو دەنگی [س] و [ص] لە زمانی کوردییا دوو شێوەی جیای هەمان فۆنیمن جیاوازیی نێوانیان لە ئەنجامی ئەو بیئە جیاوازانەیە کە تیایا دەردەکەون... لە زمانی کوردییا هیچ وشەیێک نییە تیایا [س] و [ص] ئاڵوگۆڕ بکرێ و کار لە مانا بکات، کەچی لە زمانی عەرەبیدا دەتوانن لە هەمان بیئەدا دەرکەون و کار لە مانا بکەن، بۆیە لە زمانی عەرەبیدا [س] و [ص] دوو فۆنیمی جیان.

سلب – صلب

سار – صار

عسیر – عصیر

عسی – عصا

فسیح – فصیح

مس – مص... الخ.

بەهەمان پەیڕەو (ل) و (ڵ) لە زمانی عەرەبییا دوو شێوەی جیای هەمان فۆنیمن. دەرکەوتنیان لە بیئەی جیاوازدا ئەم جیاوازییەی پێ بەخشین. کەچی لە زمانی کوردیدا دوو فۆنیمی جیان، چونکە دەتوانن لە هەمان بیئەدا دەرکەون و کار لە مانا بکەن وەک لە:

چل – چڵ

گەل – گەڵ

گول – گوڵ

پەلە – پەڵە... هتد.

بەبەراوردکردنی زمانی کوردی و عەرەبی لە ئاستی فۆنەتیکی و فۆنەلۆجی لەم شەش دەنگەدا ئەم ئەنجامەمان دەست دەکەوێ:

فۆنۆلۆجی		دەنگ		فۆنۆلۆجی
فۆنیم	کوردی	فۆنەتیک	عەرەبی	فۆنیم
/ر/	پەری	[ر]	برد	/ر/
/ڕ/	پەڕی	[ڕ]	حر	
/س/	ساڵ	[ص]	صهر	/ص/
	سەوز	[س]	سهر	/س/
/ل/	چل	[ل]	علم	/ل/
/ڵ/	چڵ	[ڵ]	الله	
٥	٦			٤

واتا ئەم شەش دەنگە هاوبەشە پێنج (فۆنیم) لە زمانی کوردیدا و چوار فۆنیم لە زمانی عەرەبیدا پێک دەهێنن.

ئەم دەنگانە چ لە زمانی کوردیدا بن چ لە زمانی عەرەبیدا، چ لە هەر زمانێکی تردا بن بەهەمان جۆر و پەیڕەو دروست دەکرێن. ئەمە لایەنە گشتییەکەیە و ئەرکی فۆنەتیکە ڕوونی کاتەوە چۆن دروست دەکرێن، بەڵام وەک دەرکەوت هەر زمانەی جۆرە نرخێک بەو دەنگانە دەدات. ئەمە لایەنە تایبەتییەکەیە و ئەرکی فۆنۆلۆجییە.

بۆ دەستنیشانکردنی فۆنیمەکانی هەر زمانێ ئەو جووتە وشانە بەراورد دەکرێن کە بەتەواوی وەک یەک وان لە تاکە دەنگێ نەبێ و ئەم جیاوازییە کار لە مانا دەکات وەک [بیر، پیر، سیر، تیر، میر، شیر، ژیر، لیر]... هتد(٧).

جۆری دووەمی یاسا فۆنۆلۆجییەکان ئەوانەن کە لەناو قاڵبی بڕگەی فۆنەتیکدا فۆنیمەکان لەیەک دەدەن و بڕگەی فۆنۆلۆجی پێک دەهێنن.

تا ئێستا هیچ قوتابخانەیێکی زانستی زمان نەیتوانیوە پێناسینێکی بێ کەلەبەری بڕگە پێشکەش بکات. بەشێوەیێکی گشتی دوو جۆری لێ جیاکردۆتەوە.

یەکەم بڕگەی فۆنەتیکی: ئەم جۆرەیان گشتییە. هەموو زمانانی جیهان تیایا بەشدارن. پەیوەندیی بەفسیۆلۆجییەتی هەناسە وەرگرتن و چۆنیەتی کارکردنی ئەندامانی ئاخاوتنەوە هەیە. لەناو چوارچێوەی ئەم قاڵبە گشتییەدا زمانەکان جیاوازی پێشان دەدەن لە چۆنیەتی لێکدانی فۆنیمەکان. واتا: هەر زمانەی یاسای تایبەتیی خۆی هەیە بۆ لێکدانی

فۆنیمەکانی لەناو قالّبی بڕگەدا. ئەم لەیەکدانە تایبەتییە بڕگەی فۆنۆلۆجی پێک دەهێنێ.

دووەم - بڕگەی فۆنۆلۆجی: لە هەموو زمانێکا بزوێن ناووکی بڕگە پێک دەهێنێ. لەگەڵ ئەم بزوێنەدا دەشێ چەند فۆنیمێکی کپ دەرکەوێ. ژمارەی ئەو کپانە و سروشتی ڕیزبوون و دەرکەوتنیان پێکەوە لە زمانەکانا جیاوازە. بۆ نموونە: فۆنیمی (s - p - r) لە زمانی کوردی و ئینگلیزییا هەن. ئەم سێ فۆنیمە دەتوانن لە زمانی ئینگلیزیدا (هێشوو)ێک cluster لەناو قالّبی بڕگەدا پێک بهێنن، وەک لە بڕگەی (spring)دا... ئەم سێ دەنگە هەرگیز ناتوانن بەم شێوەیە لە زمانی کوردیدا دەرکەون. واتا لە زمانی ئینگلیزیدا یاسایێکی فۆنۆلۆجی هەیە بەهۆیەوە ئەم سێ فۆنیمە یەک دەگرن و هێشوو پێک دەهێنن. لە زمانی کوردیدا ئەم یاسایە نییە...

لە زمانی عەرەبیدا هەرگیز دوو کپ (بێ بزوێن لە نێوانیانا) لە سەرەتای بڕگەدا دەرناکەوێ.

کەچی لە زمانی کوردییا بۆی هەیە دوو کپ لە سەرەتای بڕگە پێکەوە هێشوو دروست بکەن، وەک (برا، درا، خوا، جوان... هتد)...

هەندێ فۆنیم هەرگیز پێکەوە دەرناکەون یا هەرگیز یەکێکیان پێش ئەوی تر ناکەوێ... ئەو یاسایانەی سروشتی ڕیزبوونی فۆنیمەکان لەناو قالّبی بڕگەدا دەستنیشان دەکەن. یاسای فۆنۆلۆجین.

جۆری سێیەمی یاسا فۆنۆلۆجییەکان ئەوانەن کە بەهۆیانەوە لە ئەنجامی لە یەکدانی فۆنیمەکان (لە هەندێ حالّەتدا) دەنگ هەیە دەتوێتەوە، وەک توانەوەی (ە)ی ئامرازی پێناسین (ەکە) کە (ان)ی کۆی دەچێتە سەر:

خانووەکە - خانووەکان

هەندێ جار لە ئەنجامی لێکدانی دەنگەکان دەنگی تازە پەیا دەبێ وەک دەرکەوتنی (ی) لە نێوان دوو (ا)ی (مامۆستا) و (ان)ی کۆ.

لە هەندێ حالّەتا دەنگ هەیە شێوەکەی دەگۆڕێ. وەک گۆڕینی (ۆ) بە(و)ی کپ، وەک لە... من دەخۆم = ئەو دەخوات.

لەهەر زمانێکدا کۆمەڵە یاسایێک هەیە بەهۆیانەوە توانەوە و پەیابوون و گۆڕینی دەنگەکان دەستنیشان دەکات. بەم یاسایانە دەوترێ فۆنۆلۆجی (نەک فۆنەتیکی).

لە ئەنجاما دەردەکەوێ کە هەر دەنگێکی زمانی سەر بەهەچ زمانێک بێ هەمان سروشت

و پێکهاتنی هەیە. [هێز، ئاوازە، ت، ل، ڵ، ک، گ... هتد] لە زمانی کوردیدا بێ... ئەسکیمۆ بێ... باسک بێ... سەنهالی بێ... هتد هەمان سروشت و پێکهاتنیان هەیە... فۆنەتیک ئەو لقەیە کە ئەم سروشت و پێکهاتنە دەستنیشان دەکا. ئەم کەرەسانە لە هەر زمانێکا بەجۆرێ بەکاردێ و یاسای تایبەتی خۆی هەیە بۆ دەرکەوتنیان. ئەو یاسا تایبەتیانەی لە زمانە جیاوازەکانا هەیە کە چۆنیەتی دەرکەوتن و بەکارهێنانی ئەم کەرەسانە دەستنیشان دەکەن بەیاساکانی (فۆنۆلۆجی) ناودەبرێن.

پەراوێزەکان:

١- بەپێی ئەو سەرچاوانەی لەژێر دەستم دان.

٢- بۆ زانیاریی زیاتر لە بارەی لقەکانی زانستی زمانەوە سەیری ئەم سەرچاوەیە بکە:
وریا عومەر ئەمین (١٩٨١) زانستی زمان چییە؟ گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ. ژمارە (٨٨).

٣- زۆر زمان هەیە هەندێ دەنگیان تیا بەهێزی بای لە سییەکانەوە هاتوو دروست ناکرێن، ئەمانە سێ جۆرن (clicks) (ejective) (implosion).

بۆ ئەم جۆرە زمانانە سەیری سەرچاوەی ژمارە (٥) بکە ل(٩٦).

٤- ژێکان دوو پارچە گۆشتی سروشت لاستیکین ئەرکی بایۆلۆجییان ئەوەیە ناهێڵن خواردن بچێتە ناو بۆریی هەناسەوە. لە قسەکردنا، کە دێنە یەک، بەهێزی بای لە سییەکانەوە هاتوو دەلەرنەوە و سیمای ژێداری دەدەنە دەنگەکە. گەر لێک دوورکەوتنەوە با بێ تەگەرە لە نێوانیانا تێدەپەڕێ.



لەرینەوە   داخراو   کراوە

٥- ئەم نەخشەیە لە ل٢١ی سەرچاوەی ژمارە (٢)وە وەرگیراوە، کە بەم جۆرەیە:
لیژنەی زمان لە کۆڕی زانیاریی عێراق - دەستەی کورد. زاراوەکانی کردۆتە کوردی.

	Bi-labial	Labial-dental	Dental	Alveolar	Palatalalveolar	Palatal	Velar	Uvular	Pharyngal	Glottal
Plosive	p b		Ŝ Ẑ				k g	q		
Fricative		f v		s z	ä ë			x y	̄h	h
Affricate				ˆc j						
Nasal	m		n				g			
Lateral				l l̂						
Rolled				r ˆr						
Semi-vowel	w					y				

٦- دەشێ هەردوو زمانێکی تر بۆ ئەم جۆرە بەراوردییە هەڵبژێررێ. ئێمە زمانی عەرەبیمان هەڵبژارد، چونکە زۆربەمان شارەزای ئەم زمانەین.

٧- بۆ چۆنیەتی دەستنیشانکردنی فۆنیمەکانی زمانی کوردی سەیری سەرچاوەی ژمارە (٨) بکە.

سەرچاوەکان:

1- Abercrobic. D. (1967) Elements of general phonetics. Edinbrgh.
2- Amin, Wraia Omar (1979) Aspects of the verbal construction in Kurdish. Thesis presented to the University of London.
3- FromKin. V. and Rodman. R. (1978) An introduction to Language.
4- Fudge. E. C. (1970) Phonology, in New Horizons in Linguistics. (ed.) J. Loyns.
5- Gleason. H. A. (1965) An introduction to descriptive Linguistics. Holt.
6- Robins. R. H. (1971) General Linguistics, Longman.

٧- وریا عومەر ئەمین (١٩٨٤) فۆنۆلۆجی - گۆڤاری کاروان ژمارە (٢٠).

٨- وریا عومەر ئەمین (١٩٨٢) ئیملای کوردی و چەند تێبینییەک. گۆڤاری کۆڕی زانیاریی عێراق - دەستەی کورد. ژمارە (٩).

*** ئەم وتارە لە گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق - دەستەی کورد - بەغدا، ژمارە (٢٠)ی ساڵی ١٩٨٩، لاپەڕە ٢٣٩-٢٥٩ بڵاوکراوەتەوە.**

لە یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی

کە دەنگەکانی زمان دەکەونە پاڵ یەک بۆ دارشتنی دانەی گەورەتر (برگە – وشە – رستە)، کار لێک دەکەن. لە ئەنجامی ئەم کارلێککردنە دەنگ هەیە دەگۆرێ... هەیە پەیا دەبێ... هەیە دەقرتێ و دەتوێتەوە... هتد...

ئەو بەشەی زانستی زمان کە یاساکانی ئەم لایەنەی زمان دەستنیشان دەکات بەفۆنۆلۆجی Phonology ناودەبرێ. ئەم باسە هەندێ لە یاسا فۆنۆلۆجییەکانی زمانی کوردی دەخاتەروو.

١- یاسای دەرکەوتنی (ر)

لەگەڵ فرمانی (دان – گەیشتن – کردن چوون– هاتن[١]... هتد، ئەو ناوە یا راناوەی لە دوای پێشبەندی (بە) دەردەکەوێ بەراناوی لکاو دەربرا[٢]. پێشبەندەکە دەبێتە پاشبەندێکی فرانی و قاڵبی (ێ) دەگرێتە خۆ.







شتەکانم بدە-یێ.

لێرە دوو بزوێنی (ـە) و (یێ) کەوتنە پاڵ یەک دەنگی (ی - y)ی کپ لە نێوانیانا دەردەکەوێ و دەبێتە:

شتەکانم بدەییێ

هەندێ جار لە جیاتی ئەم (ی)یە (ر) دەردەکەوێ

شتەکانم بدەرێ

لە (کۆ)دا (ن)ی کۆ دەکەوێتە نێوان بزوێنەکان بۆیە ئەم (ی) یا (ر)یە دەرناکەون.



شتەکانم بدەنێ.

لە ڕستەی (شتەکە بدە بەئەو)دا دەشێ پێشبەندی (بە) بەپاشبەندی (ـە) جێگیر بکرێ. لەم حاڵەتەدا دوو (ـە) دەکەونە پاڵ یەک. لێرە ناشێ (ی) لە نێوانیانا دەرکەوێ و (ر) دەردەکەوێ.

جار هەیە یەکێ لە (ـە)کان دەقرتێ و پێویست بە(ر) ناکات.



شتەکە بدەرە ئەو.



شتەکە بدە ئەو.

لە کـۆدا (ر) دەرناکـەوێ چونکە (ن)ی کـەسی دووەمی کـۆ لە نێـوان دوو (ـە)کـاندا دەردەکەوێ.



شتەکە بدەنە ئەو.

لە فـرمانە لێکدراوەکانی بەپاشگری (ەوە)ی وەک (کـردنەوە - خـواردنەوە - چوونەوە... هتـد) لە داخـوازی تاکـدا کـە دوو بزوێن دەکـەونە پاڵ یەک (ر) لە نێـوان دوو بزوێنەکـەدا دەردەکەوێ.

دەرگاکە بکە [ر]ەوە ← بکەرەوە

ئەم شیرە بخۆ [ر]ەوە ← بخۆرەوە

بچۆ [ر]ەوە ← بچۆرەوە

لە کۆدا (ن) دەردەکەوێ پێویست بە(ر) ناکات

دەرگاکە بکەنەوە

ئەم شیرە بخۆنەوە

هەندێ جار بزوێنەکان لەناو یەکا دەتوێنەوە پێویست بە(ر) ناکات.

دەرگاکە بکە - ەوە ⟵ دەرگاکە بکەوە

ئەم شیرە بخۆ - ەوە ⟵ ئەم شیرە بخۆوە

٢- یاسای دەرکەوتن (ت)

یەکەم: ئەو پێشبەندانەی کە لەگەڵ ئەو جۆرە فرمانانە دەردەکەون کە چەمکی گوێزانەوە دەگەیەنن (وەک چوون بۆ - ناردن بۆ - دان بە... هتد) دەشێ پێشبەندەکە بەپاشگری (ـە) جێگیر بکرێ.

١- أ- چووم بۆ هەولێر.

ب- چوومە هەولێر

٢- أ- ناردیان بۆ ئاسمان

ب- ناردیانە ئاسمان

٣- أ- دام بەئازاد

ب- دامە ئازاد

٤- أ- هێنایان بۆ ئێرە

ب- هێنایانە ئێرە

لەم جووتە ڕستانەی سەرەوە پێشبەندی ڕستەی (أ) لە (ب)دا بەپاشبەندی (ـە) جێگیر کراوە و هەمان واتا و ئەرکی ڕێزمانی بەجێ دەهێنێ. ئەگەر کاتی فرمانەکە خرایە ئێستەی تەواو Present Perfect[٣] (ت) لە نێوان دوو بزوێنەکەدا دەردەکەوێ. {(ـە)ی نیشانەی کات و (ـە)ی پاشبەند}.

١- أ- ئێمە هێناومانە | بۆ ئێرە

بۆ ⟵ ـە

[ت]

ب- ئێمە هێناومانەتە ئێرە.

٢- أ- من ناردوومه | بۆ بەغدا
ـە
[ت]

ب- من ناردوومەتە بەغا.

٣- أ- ئەوان داویانە | بە ئازاد
ـە
[ت]

ب- ئەوان داویانەتە ئازاد.

ئەگەر ڕەگی فەرمان بەکپ Consonant کۆتایی هاتبێ. بەنەمانی ڕاناوی لکاوی کەسی، [وو]ی نیشانەی کاتی ئێستای تەواو دەبێتە [ۆ] و [ـە] نامینێ. وەک [ناردن] ڕەگی ڕابردووی بە[د] کۆتایی دێ [نارد]. لەم ڕستانەدا.

أ- ئێمە ناردوومانە بۆ بەغا.

ب- ئێمە ناردوومانەتە بەغا.

ج- ئێمە ئازادمان ناردۆتە بەغا.

ئەگەر ڕەگی فرمان بەبزوێن Vowel کۆتایی هاتبێ [وو]ی نیشانەی کاتی ئێستای تەواو بەکپ خۆی دەردەخا و (ـە) ناتوێتەوە وەک لە هێنان - دان بڕین... هتد).

٣- أ- ئەوان داویانە | بە ئازاد
ـە
[ت]

ب- ئەوان داویانەتە ئازاد.

أ- ئێمە هێناومانە بۆ بەغا.

ب- ئێمە هێناومانەتە بەغا.

ج- ئێمە ئازادمان هێناوەتە بەغا.

(hênâ wata)

٢- ئێوە زۆر ڕووتان داوەتە ئەو.

(dâwata)

٣- تۆ چاوت بڕیوەتە ئەو.

(brîwata)

لەگەڵ فرمانی تێنەپەڕ ئەم یاسایە تەنیا لەگەڵ بکەری کەسی سێیەمی تاکدا دەردەکەوێ چونکە لەم حاڵەتەدا ڕاناوی لکاو هیچ نیشانەیەکی نییە.

أ- گەر ڕەگ کۆتایی بەکپ هاتبێ وەک لە (ڕۆیشتن)دا.

ئازاد ڕۆیشتووە | بۆ بازاڕ

↓

ـە

[ت]

ئازاد ڕۆیشتۆتە بازاڕ.

ب- گەر ڕەگ کۆتایی بەبزوێن هاتبێ وەک لە (پەڕین)دا:

ئاسن پەڕیوە | بۆ چاوی

↓

ـە

[ت]

ئاسن پەڕیوەتە چاوی (Pârîwata).

دووەم: ئەگەر فرمانی لێکدراو بەپاشگری (-ەوە) بخرێتە کاتی ئێستەی تەواو، [ت] لە نێوان (ـە)ی نیشانەی کات و (ـە)ی (-ەوە)دا دەردەکەوێ و هەمان ئەو یاسایانەی لەسەرەوە باس کران بەسەریا دەسەپێ.

خواردوومەتەوە ← ئاوم خواردۆتەوە

یاسای دەرکەوتنی (تی):

کە ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک (ی) لەگەڵ (ـە)ی فرمانی بێ هێز دەکەونە پاڵ یەک مۆرفیمی پووچ empty morphem (تی) دەردەکەوێ:

ئازاد —
- برامە
- براتە
- برایە+تی
- برامانە
- براتانە
- برایانە

من خوێندوومە

تۆ خوێندووتە

ئەو خوێندوویە(تی)

ئێمە خوێندوومانە

ئێوە خوێندووتانە

ئەوان خوێندوویانە

یاسای دەرکەوتنی (ی):

لە ئەنجامی لێکدانی مۆرفیمەکان ئەگەر دوو بزوێن کەوتنە پاڵ یەک، بەشێوەیێکی گشتی (ی) لە نێوانیانا دەردەکەوێ.

مامۆستا + ان ← مامۆستایان

چەقۆ + ەکە ← چەقۆیەکە

ڕێ + ەکە ⟵ ڕێیەکە

ئەم پەنجەرە + ە ⟵ ئەم پەنجەرەیە

لە هەندێ حاڵەتا یەکێ لە بزوێنەکان دەتوێتەوە و پێویست بە (ی) ناکات:

أ- ئەگەر دوو (ـە) کەوتنە پاڵ یەک بەمەرجێ (ـە)ی دووەم ئەرکی ڕێزمانی نەبێ:

پەنجەرە + ەکە ⟵ پەنجەرەکە

بەڵام لەم نموونانەی خوارەوە ناتوێتەوە چونکە (ـە)ی دووەم ئەرکی ڕێزمانییان هەیە (ی) لە نێوانیانا دەردەکەوێ:

ئەمە ئەستێرە + ە ⟵ ئەمە ئەستێرەیە

ئەم پەنجە + ە ⟵ ئەمە پەنجەیە

ئازاد گەورە + ە ⟵ ئازاد گەورەیە

ب- ئەگەر دوو بزوێن کەوتنە پاڵ یەک و یێکێکیان کورت و ئەویتریان درێژ کورتەکە دەتوێتەوە:

منداڵەکە + ان ⟵ منداڵەکان

ج- ئەگەر دوو (ی) کەوتنە پاڵ یەک... لەناو یەکتردا دەتوێنەوە و دەبن بەیەک (ی):

ئێمە قوتابی + ین ⟵ ئێمە قوتابین

د- ئەگەر ڕاناوی لکاو (ین ـ یت) لەگەڵ ڕەگی فەرمان (یا وشەیێ) دەرکەوت بەبزوێن کۆتایی هاتبێ (ی) ڕاناو شێوەی کپ consonant دەگرێتە خۆ:

تۆ سووتایت sût-â-yt

ئێمە ئازاین âz-â-yn

ئەگەر ڕەگی فرمان بەکپ کۆتایی هاتبێ (ی)ی ڕاناو شێوەی بزوێن دەگرێتە خۆ:

تۆ پیاویت Pyâw-ît

ئێمە هاتین hât-în

پەراوێزەکان:

١- (ێ) ڕەگی داهاتووی (هاتن)ە، کە (دە)ی لەگەڵ دەردەکەوێ (ـە) دەتوێتەوە. (دە + ێ + م ⟵ دێم). داخوازییەکەی (وەرە) ناوێزەیە لە هەندێ شێوەدا بەیاسا وەردەگیرێ.

بـ + ڕەگی داهاتوو

بـ + ێ ——— بێ

بـ + ێ + ن ——— بێن (کۆ - وەرن)

لەوانەیە لە بناغەدا (هێـ) ڕەگی داهاتووی (هاتن)بێ، بۆ سووککردنەوە سواوە و تواوەتەوە (دە + هێـ + م ⟵ دەهێم). لە کرمانجی ژووروودا ئەم (هێـ)یە ماوە.

ئەز دهێم

٢- بۆ پێشبەندەکان و پەیوەندییان بەڕاناوی لکاوەوە و یاسای گۆڕینیان سەیری سەرچاوەی ژ (٣) بکە.

٣- ئێستای تەواو Present Perfect: ئەو کارەیە کە ڕووی دا و تەواو بوو بەڵام تەئسیری مایە ئێستا. یاساکەی ئەمەیە.

[ڕەگی ڕابردوو + وو + ڕاناوی لکاو + ـە] (لەگەڵ تێنەپەڕدا (ـە) تەنیا) لەگەڵ کەسی سێیەمی تاکدا دەردەکەوێ.

لەگەڵ تێپەڕدا	لەگەڵ تێنەپەڕدا
من خواردوومە	من نوستووم
تۆ خواردووتە	تۆ نوستوویت
ئەو خواردوویەتی	ئەو نوستووە
ئێمە خواردوومانە	ئێمە نوستووین
ئێوە خواردووتانە	ئێوە نوستوون
ئەوان خواردوویانە	ئەوان نوستوون

بۆ یاساکانی کاتەکانی زمانی کوردی سەیری ئەم باسە بکەن.

وریا عومەر ئەمین (١٩٨٦) هەندێ یاسای مۆرفۆلۆجیی داڕشتنی فرمان. گ. ڕۆشنبیری نوێ ژ (١٠٩).

سەرچاوەکان:

١- وریا عومەر ئەمین (١٩٨٤) یاسایێکی فۆنۆلۆجی، گ. ڕۆژی کوردستان ژ (٦٦).

٢- وریا عومەر ئەمین (١٩٨٦) یاسای دەرکەوتنی (ر)، گ. ڕۆژی کوردستان ژ (٧٢).

٣- وریا عومەر ئەمین (١٩٨٦) پاشبەندەکان، گ. کۆڕی زانیاری، ژ (١٥).

*** ئەم وتارە لە گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٣٦) ساڵی ١٩٩٥، لاپەڕە ٦٦-٦٩ بڵاوکراوەتەوە.**

هێز و ئاواز

زمان دیاردەیێکی لە ڕادەبەدەر ئاڵۆز و چووەناویەکە. ڕێزمان هەوڵدانە بۆ ڕوونکردنەوەی ڕوویەکی یا لایەنێکی ئەم دیاردەیە.

ئەرکی سەرەکیی ڕێزمان دەستنیشانکردنی کەرەسەکانی زمانە و ڕوونکردنەوەی سروشتی پەیوەندیی نێوان ئەم کەرەسانەیە لە ئاستە جیاوازەکاندا[١].

بەشێ لەو کەرەسە گرنگانەی زمان کە دەورێکی هەرە باڵا لە ڕێزماندا– لە هەموو ئاستەکاندا – دەگێڕن ئەوەیە کە لە زانستی زمانا بە(ڕەوت)[٢] Pitch ناودەبرێ. سەرەڕای گرنگێتی ئەم بابەتە نەک هەر لە زمانی کوردیدا بەڵکو لە زۆربەی زمانانی جیهاندا... کەم باس کراوە. ئەم باسە هەوڵدانێکە بۆ پێناسینی ئەم لایەنەی زمان و دەرخستنی هەندێ لە ئەرکەکانییەتی لە زمانی کوردیدا.

پێناسین:

دەنگەکانی زمان لە گەلێ ڕووەوە پۆلین دەکرێن. یەکێ لەمانە ئەوەیە دەنگەکان دەبنە ژێدار Voiced و بێ ژێ Voicless.

مەبەست لە دەنگی ژێدار ئەوەیە لە کاتی دروستکردنی دەنگەکە ژێکان vocal cords دەلەرێنەوە. دەنگی (بێ ژێ) ئەوەیە لە کاتی دروستکردنیدا ژێکان نالەرێنەوە.

بۆ نموونە دوو دەنگی (ز) و (س). لە هەمان شوێن لە زاردا دروست دەکرێن. هەڵوێستی زمان و هەموو بەشەکانی تری ئەندامانی ئاخاوتن لە کاتی دروستکردنیاندا هەمان جۆرن. ئەوەی لێکیان جیادەکاتەوە ئەوەیە لە (ز)دا ژێکان دەلەرێنەوە و لە (س)دا نالەرێنەوە. هەمان شت لەگەڵ ئەم جووتە دەنگانە.

د – ت

ک – گ

ش – ژ

ف – ڤ ...هتد

جگە لەمە لەرینەوەی ژێکان کەرەسەیێکی تری یەکجار گرنگی (زمانی) پێک دەهێنێ.

ئەم کەرەسەیە لە ئەنجامی گۆڕینی خێرایی لەرینەوەی ژێکان دێتە دی و دەبێتە هۆی (بەرزی) و (نزمی)ی ڕەوتی قسەکردن و بەخشینی ئاوازی جیاجیا بەدەربڕینەکان.

***

قسەکەری هەر زمانێ لە کاتی قسەکردندا وشە و ڕستەکانی خۆی بەڕەوتێکی ئاسۆیی ڕێک لە زارەوە دەرناهێنێ. بەڵکو بەردەوام لە (بەرزی) و (نزمی)دا دەبن، واتا لە (هەڵس) و (کەوت)دا دەبن[٣]. جۆر و ڕادە و پلەی خێرایی و توندی و شلیی ئەم (هەڵس) و (کەوت)انە بەپێی (مەبەست) و (یاساکانی زمانەکە) سەرهەڵدەدەن.

لە زانستی زمانا بۆ هەر جۆرە (هەڵس) و (کەوت)ێک نیشانەیێک دانراوە. بەکار دەهێنرێن لە کاتی شیکردنەوەی زمان و دەرخستنی ئەو لایەنانەی لە نووسینی ئاساییدا پشتگوێ خراون. بۆ نموونە

(↑) هەڵسێکی لە پڕ Sudden rise

(↕) کەوتی لەسەرەخۆ gradual Fall

(↖) هەڵسی لەسەرەخۆ graduall rise

(↓) کەوتی لە پڕ sudden Fall

(|) وەستانێکی زۆر کورت brief pause

(||) وەستانێکی تەواو Pause

(٤)

... هتد.

سێ جۆرە ڕەوت لە زمانا دەستنیشان کراوە

١- هێز Stress

٢- ئاواز intonation

٣- تۆن Tone

(هێز) و (ئاواز) گشتین Universal. واتا لە هەموو زمانێکا هەن... (تۆن) تایبەتییە و لە بەشێ لە زمانەکانی جیهاندا بەرچاو دەکەون.

١- هێز

زیادە وزەییێکی دەنگییە لە پڕ لەسەر یەکێ لە بڕگەکانی وشە سەر هەڵدەدا... (واتا هێز

سەر بەئاستی مۆرفۆلۆجییە و دەوری لە چوارچێوەی ئەم ئاستەدا دەرناچێ) بۆ نموونە وشەی (بەڵام) لە دوو بڕگە پێک هاتووە (بە + لام). لە بڕگەی یەکەمدا هەڵچوونێکی لە پڕی دەنگی سەرهەڵدەدا. ئەم هەڵچوونە ئەنجامی خێرا لەرینەوەی ژێکانە. ئەمە لە بڕگەی دووەمدا بەدی ناکرێت.

لە وشەی (خانوو)دا کە ئەمیش هەر لە دوو بڕگە پێک هاتووە هێز کەوتۆتە سەر بڕگەی دووەم. وشەی (ئەستێرە) لە سێ بڕگەی پێک هاتووە (ئەس + تێ + رە) هێز کەوتۆتە سەر بڕگەی سێیەم. هەڵچوونێکی دیار و ئاشکرا لەسەر بڕگەی سێیەم (رە) بەدی دەکرێ. هەموو خاوەن زمان بەئاسانی هەستی پێ دەکات.

ئەگەر دوو بڕگەکەی تر (ئەس + تێ) لە ڕووی هێزەوە بەراورد بکرێن دەردەکەوێ کە هێز لەسەر بڕگەی (ئەس) زیاترە لەوەی لەسەر (تێ)دایە. بەم هێزە دەوترێ هێزی دووەم Secondary stress.

شیکردنەوە بەهۆی ئامێری sound spectograph دەری دەخات کە هێز لەسەر هەموو بڕگەکانی وشەدا هەن بەڵام لەسەر هەر یەکەی بەڕادە و پلەیێ.

ئەگەر شوێنی (هێز) یا ئەم (هێزانە) گۆڕا وشەکان دەشێوێن و تێک دەچن بەڕادەیێ لەوانەیە خاوەن زمان نەیانناسێتەوە و بەبیانییان تێ بگات.

هەر زمانێک دەستەیێک یاسای فۆنۆلۆجیی تایبەت بەخۆوەی هەیە بەهۆیانەوە شوێنی هێزی سەرەکی و هێزی دووەم و سێیەم لەسەر وشەکاندا دەستنیشان دەکرێن.

لە زمانی کوردیدا - بەشێوەیەکی گشتی- هێزی سەرەکی دەکەوێتە سەر دوا بڕگەی وشەوە. هەندێ ناوێزە بەرچاو دەکەوێ وەک (چونکە، بەڵام، هێشتا... هتد) لەم وشانەدا هێز کەوتۆتە سەر بڕگەی یەکەم.

ئێستا سەیری ئەو وشانەی خوارەوە بکە و ببینە چۆن ئەگەر شوێنی هێز تیایانا گۆڕا واتاکانیان دەگۆڕێ.

نوستن nu'stin / nusti'n

ئازادی aza'dî / azadi'

برایەتی brâ'yati / brâyatî'

سەوزە Sa'wza / Sawza'

['] نیشانەی هێزە

لە (نوستن)دا کە هێز لەسەر دوا بڕگەدابێ، واتای (چاووگی) دەگەیێنێ وەک بلێی

(نوستن خۆشە) ئەگەر هێزەکە خرایە سەر بڕگەی یەکەم ماناکە دەگۆڕێ و دەبێتە (ئەوان نوستن).

لە وشەی (ئازادی)دا، کە لە سێ بڕگە پێک هاتووە (ئا + زا + دی) هێز لەسەر دوا بڕگەدا بێ واتای (سەربەستی) دەگەیێنێ. ئەگەر خرایە سەر بڕگەی دووەم ماناکە دەبێتە (تۆ ئازادی) چ بەواتای (تۆ ناوت ئازادە) یا (تۆ سەربەستی).

وشەی (برایەتی) کە لە سێ بڕگە پێک هاتووە (برا – یە – تی) ئەگەر هێز کەوتە سەر دوا بڕگە واتای (برایی) دەگەیێنێ. ئەگەر خرایە سەر بڕگەی یەکەم واتای (ئەو برایەتی) دەگەیێنێ. هەمان شت لەگەڵ وشەی (سەوزە) ئەگەر هێز خرایە سەر بڕگەی دووەم کە دوا بڕگەیە واتا (خواردنی سەوزە) دەگەیێنێ یا وەک ناو لە کچان دەنرێ. ئەگەر هێز کەوتە سەر بڕگەی یەکەم واتای (شتەکە ڕەنگی سەوزە) دەگەیێنێ.

لە ئەنجامی بەراوردکردنی ژمارەیێکی زۆر لەم جۆرە جووتە وشانە بۆم دەرکەوت کە ئەگەر مۆرفیمێ خرایە سەر هەر وشەیێ و وشەی تازەی خاوەن مانای تازەی لێ پێک هێنا ئەوە کار لە شوێنی هێزەکەی دەکات و دەیگوێزێتە سەر دوا بڕگەوە. ئەگەر کاری لە مانا نەکرد، هێزەکە لە شوێنی خۆی دەمینێ و جێی ناگۆڕێ.

لە وشەی (نووستن) و (ئازادی)دا (ن) و (ی) دوو. مۆرفیمی مۆرفۆلۆجین. (ن) دەچێتە سەر ڕەگی ڕابردووی فرمان و (ی) دەچێتە سەر ئاوەڵناو، ناویان لێ پێک دەهێنن. کە وشەی تر و خاوەن مانای تر و سەر بەبەشە ئاخاوتنی ترن. بۆیە کە چوونە سەر (نوست) و (ئازاد) کاریان لە شوێنی هێز کرد و هێنایانە سەر دوا بڕگەوە. (چونکە هێز لە وشەی زمانی کوردیدا لەسەر دوا بڕگە سەرهەڵدەدا).

ئەمە لە لاییێک... لە لایەکی ترەوە (ن) و (ی) جگە لەوەی دوو مۆرفیمی مۆرفۆلۆجین هاودەنگیشن (homo phones) لەگەڵ دوو مۆرفیمی تری سینتاکسی. دەچنە سەر ڕەگی ڕابردووی فرمان و ئاوەڵناو بۆ بەجێهێنانی ئەرکی سینتاکسی کە کار لە مانای وشەکان ناکەن و بەشە ئاخاوتنەکانیان ناگۆڕن. (ن) نیشانەی ڕێکەوتنە concord لەگەڵ ڕەگی ڕابردووی فرمان دەردەکەوێ بۆ دەربڕینی ڕێکەوتن لەگەڵ بکەری کەسی دووەم و سێیەمی کۆ.

ئەوان نوستن – ن

ئێوە نووست –ن

(ی) نیشانەی ڕێکەوتنە لەگەڵ کەسی دووەمی تاکدا دەردەکەوێ لە ڕستەی ناویدا.

تـۆ ئـــازادی

سەیرکە، کە (ن) و (ی) چوونە سەر (نوست) و (ئازاد) مانایان لێرە نەگۆڕی بەڵکو پەیوەندییان پێشان دا لەگەڵ بەشی تری ڕستە. بۆیە کاریان لە شوێنی هێز نەکرد. (ئەمە ئەوە دەسەلمێنێ کە هێز پەیوەندیی بەلایەنی مۆرفۆلۆجییەوە هەیە و لە ئاستی سینتاکسیدا هیچ دەورێکی نییە).

واتا ئەگەر مۆرفیمێ خرایە سەر هە چ وشەیێک یا مۆرفیمێکی تر و شوێنی هێزی گۆڕی ئەوە مۆرفیمێکی مۆرفۆلۆجییە. ئەگەر نەیگۆڕی ئەوە مۆرفیمێکی سینتاکسییە.

هێز وەک نیشانەی کات

ڕستەی

درەختەکە سەوز بوو.

لە ڕووی کاتەوە دوو مانای جیای دەخرێتە پاڵ:

١- ئەگەر هێز کەوتە سەر (بوو) ئەوە دەگەیێنێ کە درەختەکە ئێستا سەوزە و لە ڕابردوودا سەوز نەبووە.

٢- ئەگەر هێز کەوتە سەر (سەوز) ئەوە دەگەیێنێ کە درەختەکە ئێستا سەوز نییە و لە ڕابردوودا سیفەتی سەوزی پێوە بووە.

هۆی ئەم جیاوازییە دەخرێتە پاڵ پێکهاتنی مۆرفۆلۆجیی وشەکانی ڕستەکە و سروشتی پەیوەندیی نێوانیان لەناو چوارچێوەی ڕستەکەدا.

بۆ مانای یەکەم ڕستەکە لە دوو وشە پێک دێت (درەختەکە + سەوز بوو).

وشەی (سەوز بوو) لێرە وشەیێکی لێکدراوە لە (سەوز + بوو) پێک هاتووە. (بوو) لێرە پاشگرێکی مۆرفۆلۆجییە چۆتە سەر (سەوز) کە ئاوەڵناوە، فرمانێکی تێنەپەڕی لێکدراوی پێ پێک هێناوە. وشەی سەوز هێزی خۆی دۆڕاندووە و چۆتە سەر (بوو) کە بۆتە دوا بڕگەی وشە لێکدراوەکە. چونکە لە وشەی زمانی کوردیدا هێز لەسەر دوا بڕگەدا سەرهەڵدەدا.

پەیوەندیی ڕستەیی نێوان وشەکانی ئەم ڕستەیە بۆ ئەم واتایە بەم جۆرەیە:



وەک (ئازاد کرێ بوو) واتا پێشتر دەگریا.

بۆ مانای دووەم ڕستەکە لە سێ وشە پێک دێت (درەختەکە + سەوز + بوو). پەیوەندیی ڕستەیی نێوانیان بەم جۆرەیە.



لێرە (سەوز) و (بوو) هەریەکە وشەیەکی سەربەخۆیە و ئەرکی سینتاکسیی خۆی هەیە.
(سەوز) تەواوکەری (بوو)ە بۆیە وەک وشەیەکی سەربەخۆ هێزەکەی خۆی پاراستووە.
هەمان شت لەم ڕستەیەی خوارەوە و هەموو ئەوانەی ئەم جۆرە دارشتنەیان هەیە.



٢- ئاواز Intonation

گۆڕینی لەرینەوەی ژێکان دەبنە هۆی گۆڕانی ئاوازی ڕستە. هەر ئاوازەش واتایەکی جیا بەڕستە دەبەخشێ. بۆ نموونە ڕستەی.

ئازاد دوێنێ هات

دەیان مانای جیا دەبەخشێ بەپێی ئاوازەکەی ئەگەر خێرایی لەرینەوەی ژێکان لە سەرتاپای ئەم ڕستەیەدا هەمان شت بوو... ڕستەکە مانای (خەبەری) دەگەیەنێ.

ئەگەر خێرایی لەرینەوەی ژێکان لەسەر وشەی (ئازاد)دا زیادکرا. ڕستەکە دەبێتە وەڵامی (کێ دوێنێ هات)؟. کە واتا و مەبەستێکی تری جیا لەوەی سەرەوە دەگەیێنێ.

ئازاد دوێنێ هات.

ئەگەر خێرایی لەرینەوەی ژێکان لەسەر وشەی (دوێنێ)دا زیادکرا، ڕستەکە دەبێتە وەڵامی (ئازاد کەی هات)؟.

ئازاد کەی هات.

ئازاد دوێنێ هات.

کە واتا و مەبەستێکی ترە و جیاوازە لەوانەی سەرەوە. ئەگەر خێرایی لەرینەوەی ژێکان لەسەر وشەی (هات)دا زیادکرا. ڕستەکە دەبێتە وەڵامی (ئازاد دوێنێ چیی کرد؟).

ئازدا دوێنێ هات.

ئەگەر خێراییەکی زیاتر لەوەی سەرەوە خرایە سەر وشەی (ئازاد) یا (دوێنێ) یا (هات) ڕستەکە دەبێتە پرسیار + دووپاتکردنەوە (تاکید).

١- (ئازاد) دوێنێ هات؟ بەڵێ ئازاد دوێنێ هات لێرە مەبەست دووپاتکردنەوەیە لەسەر (ئازاد). واتا (ئازاد) هاتووە نەک کەسێکی تر.

٢- ئازاد دوێنێ هات؟ بەڵێ (دوێنێ)

لێرە مەبەست دووپاتکردنەوەیە لەسەر (دوێنێ) هاتووە نەک ڕۆژێکی تر.

٣- ئازاد دوێنێ هات بەڵێ (هات).

لێرە مەبەست دووپاتکردنەوەیە لەسەر (هاتنەکەی)

قسەکەری هەر زمانێ دەتوانێ بەگۆڕینی ئاوازی ڕستەکەی چەمکی سەرسوڕمان و تیز و گاڵتەپێکردن و ڕەزایی و نارەزایی و... هتد دەربڕێ و دەری خا مەبەستی کامە بەشی ڕستەکەیە... واتا هەر ڕستەیەی دەیان واتا و مەبەستی جیاواز دەبەخشێ بەپێی ئاوازەکەی. تەنانەت هەڵوێست و مەبەستی شاراوە و باری دەروونی قسەکەریش بەهۆی ئاوازی ڕستەکەوە دەزانرێ و ئاشکرا دەبێ.

ئاواز و چەمکی دژیەکی

ڕستەی (نەکەی دەتکوژم) دوو واتای بەتەواوی دژیەکی هەیە بەپێی ئاوازەکەی دەسنیشان دەکرێن و دەزانرێن.

١- ئەگەر بکەی دەتکوژم.

٢- ئەگەر نەکەی دەتکوژم.

بۆ دەربڕینی مەبەستی یەکەمی بڕگەی یەکەمی (نەکەی) کورت دەکرێتەوە و بڕگەی دووەم لە پڕ دەوترێ و وەستانێ دوای (نەکەی) هەیە. بڕگەی سێیەمی دەتکوژم بەرزبوونەوەیەکی خێرای لەپڕی پێوەیە.

نەکەی ↑ || دەتکوژم. ←

بۆ دەربڕینی مەبەستی دووەم... وەستان دوای وشەی (نەکەی) نییە. بڕگەی دووەمی نەکەی نزمبوونەوەیەکی خێرای پێوەیە. بڕگەی سێیەمی (دەتکوژم) دەگوشرێ.

دەستنیشانکردنی (نۆتەی) هەر ڕستەیەک واتا ئاوازەکەی و سروشتی هەر بڕگەیێک بەبێ ئامێری Spectogram ناکرێ. لە ڕاستییا ئەم لایەنەی زمان ئەوەندە، سرکە، تازەترین و پێشکەوتووترین ئامێریش ناتوانێ هەموو لایەنەکانی بەوردی دەستنیشان

كـات. بۆیه له سـەرەتای ئەم باسـەدا وتمان ڕێزمـان دەتوانێ لایەنێکی زۆر کـەمی زمـان بخاتەڕوو.

٣- تۆن Ton

ژمارەیەکی زۆر لە زمـانانی جیـهـان بە(تۆنی) ناو دەبرێن. لەم زمـانانەدا هەمـان ڕیزە دەنگ چەند مانایەکی جیاواز دەبەخشێ بەپێی (تۆن)ەکەی.

(تۆن) لەسـەر وشـەی یەک مـۆرفـیـمـیی یەک بڕگـەیی بەرچاو دەکـەوێ و تـایبـەتە بەو زمـانانەی بە Isolating ناو دەبرێن وەک زمـانی (چینی) و (تایلەندنی) و (نیـوپـی) و (توی).

بۆ نموونە لە زمانی چینییا ئەم ڕیزە دەنگە (ta) چوار مانای جیا دەبەخشێ بەپێی تۆنەکەی.

١- مەزن (ta) لە بەرزییەوە بۆ نزمی.

٢- لێدان (ta) نزم و لە پڕ بەرز.

٣- سمین (ta) لە نزمییەوە بۆ بەرزی.

٤- بەرزکردنەوە (ta) ئاسایی ئاسۆیی.

لە زمـانی تایلەندیدا وشـە پێنج تۆنی هەیە... هەر تۆنەی مـانایەک دەبەخشێ بۆ نموونە ڕیزە دەنگی (naa) ئەم پێنج مانایەی هەیە.

١- نازناو (naa) نزم.

٢- برنج (naa) ناوەڕاست.

٣- بچووکترین خاڵ یا پوور (naa) بەرز.

٤- ڕوومەت (naa) لە بەرزییەوە بۆ نزمی.

٥- ئەستوور (naa) لە نزمییەوە بۆ بەرزی.

پەراوێزەکان:

١- مەبەست لە ئاستەکان (فۆنۆلۆجی - مۆرفۆلۆجی - سینتاکسی - سیمانتیکی)یە.

٢- Pitch پلەی ئاوازە (درجة النغم). لە کوردییا ئاواز بۆ Intonation بەکار هێنراوە. بەلای منەوە (ڕەوت) بۆ Pitch دەگونجێ. هیـوادارم وشەیەکی لەبارتر بدۆزرێتـەوە بۆ Pitch ئەگـەر ئەمـە پەسند نەکرا.

٣- (هەڵس) و (کەوت) بەرامبەر (Falling) و (Rising) پێشنیار دەکەم.

٤- بۆ نیشانەکان سەیری لاپەڕە (ix)ی سەرچاوە ژ (5) بکە.

1- Fromkin and Rodman (1979) An Introduction to language. second Edition.

2- Jones. D. (1979) An outline of English Phonetics. Cambridge.

3- Hockett. C. F. (1985) A course in modern Linguistics.

4- Mackenzie. D. N. (1962) Kurdish dialects stadies - London.

5- Robins. R. H. (1971) General Linguistics. Longman.

6- Oconner. J. D. (1971) Advanced phonetic reader. Cambrigde university press.

7- Oconner and Arnold. C. F. (1973) Introduction of colloquiol English.

*** ئەم وتارە لە گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٣٤) ساڵی ١٩٩٤، لاپەڕە ١٣-١٦ بڵاوکراوەتەوە.**

یاساییەکی فۆنۆلۆجی

لە زمانی کوردیدا ئەو پریپۆزیشنانەی لەگەڵ ئەو جۆرە فەرمانانە دەرئەکەون کە چەمکی گـوێزانەوە ئەگەیەنن Dative Case وەک (چوون بۆ... دان بە... هتد). ئەشێ پریپۆزیشنەکە بەپاشگری فەرمانی (ـە) جێگیر بکرێت.

ئێمە هاتین **بۆ** سلێمانی.

ئێمە هاتین **ـە** سلێمانی.

ئەوان دایان **بە** ئازاد.

ئەوان دایان **ـە** ئازاد.

تۆمان نارد **بۆ** لای ئەو.

تۆمان نارد **ـە** لای ئەو.

گەر کاتی فەرمانەکە لە ئێستەی تەواودا[١] بێ Present Perfect، پاشگرە فەرمانییەکە قاڵبی (تە) ئەگرێتەخۆ.

ئێمە هێناومانە **بۆ** ئێرە.

ئێمە هێناومانە **تە** ئێرە

من ناردوومە **بۆ** بەغا.

من ناردوومە **تە** بەغا.

گەر ڕەگی فەرمانەکە بەکۆنسونانت کۆتایی هاتبێ... بەنەمانی ڕاناوی لکاو لەگەڵ ڕەگی فەرمانەکە (وو) ئەبێ بە (ۆ) و فەرمانی بێ هێز (ـە) ئەتوێتەوە[٢].

ئێمە ناردوومانە **بۆ** بەغا.

ئێمە ناردوومانە **تە** بەغا.

ئێمە ئازاد – مان نارد **ۆ تە** بەغا.

هەمان شت گەر فەرمانەکە تێنەپەڕ بوو و بکەری ڕستەکە لە کەسی سێیەمی تاکدا بێ – وەک باس کرا (وو) ئەبێ بە(ۆ) و فەرمانی بێ هێز (ـە) ئەتوێتەوە[٣].

ئەو ڕۆیشتووە **بۆ** هەولێر.

ئەو ڕۆیشتۆ **تە** هەولێر.
بەرزۆ بووە **بە** پیاو.
بەرزۆ بۆ **تە** پیاو.

لە ڕووی پەیوەندیی نێوان پریپۆزیشن و ئەو جۆرە فەرمانانە و جێگیرکردنیان بەپاشگر. فەرمانەکان ئەبن بە سێ بەشەوە.

بەشی یەکەم: ئەوانەن کە پریپۆزیشنەکەیان (بۆ)یە و هەمیشە ئاوەڵکاری لە دوا دێ. وەک:

هاوێشتم بۆ ئاسمان ⟵ هاوێشتمە ئاسمان.
ڕۆیشتم بۆ سلێمانی ⟵ ڕۆیشتمە سلێمانی.
بردم بۆ قوتابخانە ⟵ بردمە قوتابخانە.
هێنام بۆ هەولێر ⟵ هێنامە هەولێر.
فڕیم بۆ ئاسمان ⟵ فڕیمە ئاسمان.
پەڕی بۆ چاوم ⟵ پەڕییە چاوم.
خزی بۆ خوارەوە ⟵ خزییە خوارەوە.

بەشی دووەم: ئەوانەن کە پریپۆزیشنەکەیان (بە)یە و ناوەکەی دوای ئەشێ چەمکی (کەسی)[3] پێوەبێ.

بەخشیم بە ئەو ⟵ بەخشیمە ئەو.
بووم بەمامۆستا ⟵ بوومە مامۆستا.
کردم بەپیاو ⟵ کردمە پیاو.

بەشی سێیەم: ئەوانەن کە هەرگیز پریپۆزیشنیان لەگەڵا دەرناکەوێ... تەنیا بەهۆی پاشگری فەرمانییەوە ئەم حاڵەتەی پێ دەرئەبڕێ. وەک:

خستمە ناو دۆڵابەکە.
ڕشتمە سەر ئەرز.
کەوتمە ناو چاڵەکە.

پەراوێزەکان:

١- ئێستەی تەواو ئەو کارەیە کە لە ڕابردوو دەست پێ ئەکا و ئەبڕێتەوە بەڵام تەئسیری تا سەردەمی قسەکردن ئەمینێ... وەک پێت بڵێم (فەرموو نان بخۆ) ئەڵێی (برسیم نییە خواردوومە). خواردنەکە لە ڕابردوودا دەستی پێ کردووە و بڕاوەتەوە بەڵام تەئسیری تا کاتی قسەکردن ماوە. یاسای داڕشتنی ئەم کاتە لە زمانی کوردییا بەم جۆرەیە.

أ- گەر فەرمانەکە تێپەڕبێ.

ڕەگی ڕابردوو + وو +	م ت ی مان تان یان	...... (تی) + ـە

کە ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک (ی) چ دەوری هەیی (تملک) بگێرێ چ ڕێکەوتن... لەگەڵ فەرمانی بێ هێز (ـە) دەرکەوێ... مۆرفیمی بۆش empty morpheme (تی) دوای فەرمانە بێ هێزەکە دەرئەکەوێ.

هەیی

ئەو برا -م -ە
ئەو برا -ت -ە
ئەو برا -ی -ە (تی)
ئەو برا -مان -ە
ئەو برا -تان -ە
ئەو برا -یان -ە

ڕێکەوتن

من خوارد -وو -م -ە
تۆ خوارد -وو -ت -ە
ئەو خوارد -وو -ی -ە - (ێ)
ئێمە خوارد -وو -مان -ە
ئێوە خوارد -وو -تان -ە
ئەوان -خوارد -وو -یان -ە

ب- گەر فەرمانەکە تێنەپەڕبێ.

ڕەگی ڕابردوو + وو +	م یت ە ین ن ن	هات - وو	م یت ە ین ن ن

٢- ئەو فەرمانە لێکدراوانەی بەپاشگری (ەوە)ی وەک (کردنەوە - خواردنەوە... هتد) دائەڕێژرێن، لەکاتی ئیستەی تەواودا پاشگری (ەوە) قالبی (تەوە) ئەگرێتە خۆ.

من هاتمەوە (ڕابردووی سادە)

من هاتوومەتەوە (ئێستەی تەواو)

٣- ناو چەمکی کەسیی تیابێ وەک کەرەسەییێکی سیمانێکی... ئەو ناوانە ئەگرێتەوە کەسێ بنوێنێ... وەک ئازاد - برا - ئەو... هتد.

*** ئەم وتارە لە گۆڤاری ڕۆژی کوردستان - کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کورد - بەغدا، ژمارە (٦٦) ساڵی ١٩٨٤، لاپەڕە ٥١-٥٢ بڵاوکراوەتەوە.**

یاسای دەرکەوتنی (ر)

لەگـەڵ فـەرمـانـی (دان)دا ئەگـەر بەرکـاری نارِاسـتـەوخـۆ بەرِاناوێکی لکاو دەربرِا[1] پێشبەندی[2] (بە) دەبێتە پاشبەندێکی فەرمانی[3] و قاڵبی (یێ) دەگرێتەخۆ.





لێرە دوو بزوێنی (ـە) و (یێ) هاتنە پاڵ یەک (ی)ی کپ لە نێوانیانا دەرکەوت و بوو بە(بدەییێ) لە هەندێ شێوەدا لەجیاتی ئەم (ی)یە (ر) دەرئەکەوێ و دەبێتە:

کتێبەکەم بدەرێ.

گەر بەرکاری راستەوخۆ (کتێبەکان) لابرا راناوە لکاوەکە دەچێتە سەر پێشگری (بـ) و دەبێتە:

بمدەرێ.

فەرمانەکە داخوازیی تاکە. گەر بکرێتە کۆ ئامرازی کۆی داخوازی (ن) لە دوای ڕەگی فەرمانی (دە) دەردەکەوێ. ئەوسا پێویست بەم (ی) یا (ر)یە ناکات.



هەمان شت لەگەڵ فەرمانی (گەیشتن، خستن) بردن... هتد.



پەراوێزەکان:

١- بۆ دەوری بەرکاری ڕاناوە لکاوەکان سەیری ئەم وتارەم بکەن.
ڕێزمانی ڕاناوی لکاو - گۆڤاری کاروان ژ٨ (١٩٨٣). ل ٦٨-٧٤.

2- Preposition

3- Verbal Postosition.

*** ئەم وتارە لە گۆڤاری ڕۆژی کوردستان - کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کورد - بەغدا، ژمارە (٧٢) ساڵی ١٩٨٦، لاپەڕە ١٩-٢٠ بڵاوکراوەتەوە.**

فۆنیمەکانی زمانی کوردی

زانینی دەنگەکانی زمان و لەیەکدانیان بۆ دروستکردنی بڕگە بەشێکی زانیاریی قسەکەرە دەربارەی زمانی خۆی. گرنگترین لایەن لە زانینی زمانێ زانینی ئەو سیستەمە تایبەتییەیە کە دەنگ و مانا لەیەک ئەبەستێ. گەر زمانێکی بێگانە ببیستی هیچی لێ تێناگەیت و نازانیت وشەکانی لەکوێوە دەست پێ ئەکەن و لە کوێ تەواو ئەبن. چونکە ئەو سیستەمە تایبەتییە نازانیت کە دەنگەکانی ئەم زمانە لە ماناکانییەوە ئەبەستێ. واتا لەهەر زمانێکا ڕیزە دەنگێکی تایبەتی مانایەکی تایبەتی ئەبەخشێ، گۆڕینێ بەسەر ئەم ڕیزە دەنگە بێ ماناش ئەگۆڕێ. بۆ نموونە دوو ڕیزە دەنگی (بەهار) و (گوڵ) لە زمانی کوردیدا مانایان جیایە چونکە دەنگەکانیان وەک یەک نین. ئەم دوو وشەیە دەنگەکانیان بەتەواوی جیان. جووتە وشەی وا هەیە هەندێ لە دەنگەکانیان یەکن و هەندێ جیان وەک لە (هاوین) و (هەویر)دا، (ه)، (و) و (ی) یەکن و ئەوانی تر جیان. جووتە وشەی واش هەیە تەنها لە تاکە دەنگێ نەبێ هەموو یەکن وەک لە (پیر) و (بیر)دا. لەم وشانەی دواییدا ئەبینین گۆڕینی تاکە دەنگێ مانای تەواوی وشەکانی گۆڕی. ئەمە ئەوە ئەگەیەنێ کە (پ) و (ب) لە زمانی کوردییا دوو نرخی جیایان هەیە. بەم جۆرە (پ) و (ب) دوو فۆنیمی جیان لە زمانی کوردییا. لە (کەر) و (کەڕ) یا (برین) و (بڕین)دا (ر) و (ڕ) دوو فۆنیمی جیان چونکە دەرکەوتنیان لەهەمان بیئەدا مانای جیایان بە وشەکانا بەخشی. ئەو وشانەی هەموو دەنگەکانیان وەک یەکن تەنیا لە تاکە دەنگێ نەبێ و ئەم جیاییە لەم تاکە دەنگەدا مانای جیای بەوشەکانا بەخشی (جووتۆکە)ن.

بەبەراوردکردنی ئەم جووتۆکانە فۆنیمەکانی زمان دەسنیشان ئەکرێت.

لە ئەنجامی گەڕان بەشوێن هەموو ئەو وشانە -با بڵێین- لەگەڵ (پیر) و (بیر)ا ڕێک ئەکەون، لە زمانی کوردیدا ئەم حەوت وشانەی خوارەوە دەس ئەکەون (بەپێی کۆششی خۆم).

بیر – پیر – تیر – شیر – سیر – ژیر – میر

بەم جۆرە توانیمان حەوت فۆنیم (ب، پ، ت، ش، س، ژ، م) دەسنیشان کەین. نەبوونی وشەی تر ڕێککەوێ لەگەڵ ئەم کۆمەڵە ئەوە ناگەیەنێ کە فۆنیمەکانی زمانی

کوردی هەر ئەم حەوتەن. کۆمەڵێکی تری وەکو ئەوانەی خوارەوە بەراورد ئەکرێن.

کەر – کەڕ – کەو – کەم – کەس – کەی – کەل – کەف. ئەم هەشت وشانە کە هەموو جووتۆکەی یەکترن و وەک یەکن تەنیا لە دەنگی دواییانا نەبێ، هەشت فۆنیم دەسنیشان ئەکەن، (ر، ڕ، و، م، س، ی، ل، ف) دوانیان (س، م) لەگەڵ کۆمەڵی یەکەما هاوبەشن و شەشیان تازەن. ژمارەی فۆنیمەکان بوو بەسیانزە. لیستەکەمان زیاد ئەکەین بەزیادکردنی کۆمەڵی تری وەکو ئەوانەی سەرەوە... تا ئەگەینە ڕادەیەک هیچ فۆنیمی تازە نادۆزرێتەوە... وەک ئەوەی خوارەوە.

جووتۆکە	فۆنیمەکان	فۆنیمی تازە	ژمارە
بیر، پیر، سیر، شیر، تیر، ژیر، میر	ب، پ، س، ش، ت، ژ، م	ب، پ، س، ش، ت، ژ، م	٧
کەر، کڕ، کەو، کەم، کەس، کەی، کەل، کەف	ر، ڕ، و، م، س، ی، ل، ف	ر، ڕ، و، ی، ل، ف	٦
پار، بار، شار، کار، زار، دار، هار، مار، غار	پ، ب، ش، ک، ز، د، ه، م، غ	ک، ز، د، ه، غ	٥
شەو، خەو، کەو، چەو	ش، خ، ک، چ	خ، چ	٢
خاو، چاو، داو، ناو، ڕاو، لاو	خ، چ، د، ن، ڕ، ل	ن	١
ڤیان، ژیان، زیان	ڤ، ژ، ز	ڤ	١
حەوت، نەوت، کەوت، خەوت، چەوت	ح، ن، ک، خ، چ	ح	١
چل، چڵ	ل، ڵ	ڵ	١
بەش، گەش، ڕەش، لەش، شەش، کەش	ب، گ، ڕ، ل، ش، ک	گ	١
هەزار، هەژار، هەنار	ز، ژ، ن	–	–
باش، ماش، جاش	ب، م، ج	ج	١

جووتۆکە	فۆنیمەکان	فۆنیمی تازە	
هەور، چەور، جەور	ە، چ، ج	–	–
ڕەق، ڕەش، ڕەپ، ڕەز	ق، ش، پ، ز	ق	١
ماچ، مان، مار، ماف، ماش، ماڵ، ماد، مام، مات	چ، ن، ر، ف، ش، ڵ، د، م، ت	–	–
مازی، ماسی	س، ز	–	–
دوور، دار، دەر	وو، ا، ە	وو، ا، ە	٣
شێر، شار، شیر	ێ، ا، ی	ێ، ی	٢
زۆر، زار، زوور	ۆ، ا، وو	ۆ	١
ژن، ژین، ژان	(i)، ی، أ	(i)	١
کۆن، کون	ۆ، و	و	١
برین، بڕین	ر، ڕ	–	–
کەڕ، کوڕ، کۆڕ، کڕ	ـە، و، ۆ، (i)	–	–
بان، باغ، بار، باڕ، باو، باش	ن، غ، ر، ڕ، و، ش	–	–

هەرچەند کۆمەڵی تر زیادکەین هیچی تری نوێمان بۆ نادۆزرێتەوە ئەمە ئەوە ئەگەیەنێ کە فۆنیمەکانی زمانی کوردی بەپێی ئەم لێکۆڵینەوەیە (٣٥)ن.

یەکێ لەو گۆڕینانەی بەسەر سیستەمی فۆنۆلۆجیی شێوەی سلێمانی هاتبێ توانەوەی دەنگی (د)یە لە هەندێ بیئەدا. یەکێ لەمانە توانەوەی (د)ی ئامرازی هەمیشەییە.

Daxom ———— Axom

Damxward ———— Amxward

سروشتی ئەلف و بێی عەرەبی ئەم (ئـ)یەی بەسەر زمانی کوردیدا سەپاندووە لە نووسینا.

(دەکەم) – (ەکەم)، (ە) بەتەنیا ناشێ بنووسرێ و کراوە بە (ئە).

هەروا دەرنەکەوتنی (ئـ) لە هیچ وشەیێکی کوردی و بوونی بە(ی) لەو وشانەی لە

عەرەبییەوە وەرگیراون ئەیسەلمێنێ کە ئەم (ئـ)یە نیشانە نییە بۆ هیچ دەنگێ و ناشێ بخرێتە سیستەمی فۆنۆلۆجی کوردییەوە.

گەلێ وشەی عەرەبیش کە دەنگی (ع)ی تیایە لە زمانی کوردی ئیمڕۆمان بەکار ئەهێنرێن وەک (لەعنەت). (عیسا)،... هتد ئەشێ (ع)ش بەفۆنیمێکی کوردی دابنرێت. بەم – جۆرە و بەپێی ئەم لێکۆڵینەوەیە زمانی کوردی (شێوەی خواروو) (٣٦) فۆنیمی هەیە.

ئاشکرایە کە دەنگی (س) لە وشەی (سەر و باس)دا جیان لە دەنگی (س) کە لە وشەی (ساڵ و سەد)دا دەرئەکەوێ. لەم وشانەی دواییدا دەنگەکە وەک بڵێی شێوەی (ص)ی وەرگرتبێ سەرەڕای ئەم جیاوازییە هەردووکیان سەر بەیەک فۆنیمن و یەک نرخیان لە سیستەمی فۆنۆلۆجی زمانی کوردیدا هەیە. چونکە جووتە وشەی وا نادۆزرێتەوە لەم زمانەدا کە ئەم دوو دەنگە جیاوازەی تیا لەهەمان بیئەدا دەرکەوێ و دوو مانای جیا ببەخشێ. ئەم دوو دەنگە هەردووک لە زمانی عەرەبیشدا هەن کەچی سەر بەدوو فۆنیمی جیان چونکە دوو نرخی جیایان هەیە. لە سیستەمی فۆنۆلۆجیی زمانی عەرەبیدا هەردووک لە هەمان بیئەدا دەرئەکەون و مانای جیا ئەبەخشن وەک لە (سار: ڕۆیشت) و (صار: بوو) هەردووک لە بیئەی {(....)ار} دەرکەوتن و مانای جیایان بەخشی.

(ر) و (ڕ) لە زمانی کوردیدا دوو فۆنیمی جیان چونکە لەم زمانەدا جووتە وشەی وا هەیە ئەم دوو دەنگە جیاوازە تیایانا لە هەمان بیئەدا دەرئەکەون و مانای جیا ئەبەخشن وەک لە (برین) و (بڕین) یا (کەر) و (کەڕ)دا لە بیئەی (بـ....ین) و (کە...). ئەم دوو دەنگە لە زمانی عەرەبیشا هەن وەک لە وشەی (کریم) و (رب)دا دەرئەکەون، بەڵام لە سیستەمی فۆنۆلۆجیی زمانی عەرەبیدا بەیەک فۆنیم ئەژمێررێن چونکە وشەی وا لە زمانی عەرەبیدا نییە تیایا بەئاڵوگۆڕکردنی ئەم دەنگە مانا بگۆڕێ. ئەم دەنگانە شێوەی جیا ئەگرن بەپێی ئەو بیئە جیاوازانەی تیایانا دەرئەکەون. تیایا دەرکەوتنی ئەم دوو دەنگە جیاوازە لەهەمان بیئەدا دوو مانای جیا ببەخشێ. واتا فۆنیم شتێکی (مجرد).

لە زانستی زمانا بۆ جیاکردنەوەی ئەم دوو لایەنە نیشانەی فۆنیم ئەخرێتە نێوان دوو هێڵی لارەوەی وەک // و نیشای دەنگ ئەخرێتە نێوان دوو کەوانە [ ] پەیوەندی نێوان دەنگ و فۆنیم لەم وێنەیەدا ڕوون کراوەتەوە.

/فۆنیم/ [دەنگ]
[دەنگ]
....

وەک:

/س/ [س]
[ص] (لە زمانی کوردیدا)

ئەلف و بێی هەر زمانێ ئەبێ بەپێی ژمارەی فۆنیمەکانی دەسنیشان ئەکرێن. هەر فۆنیمەی نیشانەیەکی بۆ دائەنرێ کە پێی ئەوترێ (پیت) یا (تیپ).

*** ئەم وتارە لە گۆڤاری نووسەری کورد – گۆڤاری یەکیەتی نووسەرانی کورد، ژمارە (٨)ساڵی ١٩٨٢، لاپەڕە ٢٩–٣٥ بڵاوکراوەتەوە.**

(ێت)ی شێوێنەر

لە زمانی کوردیدا[1] دوو دەستە ڕاناوی لکاو هەن. ڕاناوەکان و ئەرکیان لەگەڵ کاری تێپەڕدا لەم نەخشەیەدا ڕوون کراونەتەوە.[2]



وەک لەم نموونانەدا دەردەکەوێ:

(١)

(أ)	(ب)			
		بکەر	ڕابردوو	بەرکار
من تۆم ڕاگرت.	را	م	گرت –	یت
تۆ منت ڕاگرت.	را	ت	گرت –	م
ئەو ئێمەی ڕاگرت.	را	ی	گرت –	ین
ئێمە ئەوانمان ڕاگرت.	را	مان	گرت –	ن
ئێوە ئەوتان ڕاگرت.	را	تان	گرت –	Ø[3]
ئەوان ئێوەیان ڕاگرت.	را	یان	گرت –	ن

(٢)

(أ)			(ب)	
		بکەر	ڕابردوو	بەرکار
من تۆ ڕادەگرم.	را	ت	دەگر –	م
تۆ من ڕادەگرێت.	را	م	دەگر –	یت
ئەو ئێمە ڕادەگرێت.	را	مان	دەگر –	ێت
ئێمە ئەو ڕادەگرین.	را	ی	دەگر –	ین
ئێوە ئەوان ڕادەگرن.	را	یان	دەگر –	ن
ئەوان ئێوە ڕادەگرن.	را	تان	دەگر –	ن

شیکردنەوە دەری دەخات کە ئەو کارانەی لە چاوگی (ویستن)ەوە[٤] وەردەگیرێن لەم یاسا گشتییە لادەدەن.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە و دەستنیشانکردنی یاساکانی ئەم لایەنە سەیری ئەم ڕستانە بکەن.

(٣)

(أ)			(ب)	
		بکەر	ڕابردوو	بەرکار
من تۆم دەویست.	دە	م	ویست –	یت
تۆ منت دەویست.	دە	ت	ویست –	م
ئەو ئێمەی دەویست.	دە	ی	ویست –	ین
ئێمە ئەوانمان دەویست.	دە	مان	ویست –	ن
ئێوە ئەوتان دەویست.	دە	تان	ویست –	Ø
ئەوان ئێوەیان دەویست.	دە	یان	ویست –	ن

(٤)

(أ)			(ب)	
		بکەر	ڕابردوو	بەرکار
من تۆم دەوێ.	دە	م	ەوێ –	یت
تۆ منت دەوێ.	دە	ت	ەوێ –	م

ئەو ئێمەی دەوێ.	دە ی	ەوێ –	ین
ئێمە ئەوانمان دەوێ.	دە مان	ەوێ –	ن
ئێوە ئەوتان دەوێ.	دە تان	ەوێ –	ێت
ئەوان ئێوەیان دەوێ.	دە یان	ەوێ –	ن

لەو ڕستانەی سەرەوەدا... (کار) لە چاوگی (ویستن)ەوە وەرگیراون. لە (أ)ەکانا بکەر و بەرکار بەڕاناوی جودا دەربڕاون. لە (ب)کانا بکەر و بەرکار کراون بەڕاناوی لکاو.

لە (١٣أ)دا کات ڕابردووە. بکەر و بەرکار بەڕاناوی جودا دەربڕاون. لە (٣ب) کراون بەلکاو. تیایانا کۆمەڵی (١) [م – ت – ی – مان – تان – یان] دەوری بکەری و کۆمەڵی (٢) [م – یت – ∅ – ین – ن – ن] دەوری بەرکاری دەبینن. ئەمە لەگەڵ یاسای گشتیی کارکردنی ڕاناوە لکاوەکان دەڕوا...[٥]

لە کۆمەڵی (٤)دا کاتی کارەکە کراوەتە داهاتوو، بەڵام دەوری ڕاناوەکان ئاڵوگۆڕ نەبوو.

بە بەراوردکردن و شیکردنەوەی ئەو ڕستانەی سەرەوە هەموو دەردەکەوێ کە:

١- گۆڕینی کاتی کارەکە لە ڕابردووەوە بۆ داهاتوو ئەرکی ڕاناوە لکاوەکانی ئاڵوگۆڕ نەکرد... ئەمە لادانە لە یاسا گشتییەکە.

٢- ئەرکی ڕاناوە لکاوەکان لەگەڵ کاری لە چاوگی (ویستن)ەوە وەرگیراو، بەم جۆرەیە کە لەم نەخشەیەدا ڕوون کراوەتەوە.



٣- لە ئەنجامی بەراوردکردنی مۆرفۆلۆجییەوە. Morphological Identification دەردەکەوێ کە ڕەگی داهاتووی کاری لە (ویستن)ەوە وەرگیرا و (ەوێ)یە نەک (ەو) و

ئەم (ێ)یە بەشێکە لە ڕەگەکە و ئیشارەت نییە بۆ کەسی سێیەمی تاک...
بۆ ساغکردنەوەی ئەمە سەیری ئەم ڕستەیە بکە:

ئێمە ئەومان دەوێ.

(ئێمە) بکەرە، (ئەو) بەرکارە، (مان) ڕاناوی لکاوی بکەرییە سەر بەدەستەی یەکەمە. بۆ جێگیرکردنی ڕاناوی جودای بەرکاری (ئەو) بە لکاو ڕوو لە دەستە ڕاناوەکەی تر دەکەین... لەم دەستەیەدا ڕاناوی کەسی سێیەمی تاک (ێت)ە.

ئەمە جێی (ئەو) دەگرێ بەپێی یاسای شوێن بەڕەگی کارەکەوە دەلکێ و (مان) دەچێتە سەر پێشگری (دە)وە. بەم جۆرە:



کە (ێت) دەچێتە سەر ڕەگی (ەوێ) دوو (ێ) دەکەونە پاڵ یەک... لەناو یەکتردا دەتوێنەوە Reduction و دەبن بەیەک.



لە ئەنجامی سەپاندنی یاسای بەئارەزووی Optional لابردنی (ت)ی ڕاناوی لکاو ڕستەکە دەبێتە.



دەرک نەکردنی ئەم پێوەندییە ڕێزمانییەی نێوان بنج و سیما Deep and surface structure لەم جۆرە ڕستانەدا وای کردووە هەندێ زمانەوان وای بۆ بچن کە (ێ)ی کاری لە چاووگی (ویستن)ەوە وەرگیراو لە هەموو حاڵەتێکا ئیشارەتە بۆ کەسی سێیەمی تاک و تەنانەت بەپێی قیاسێکی هەڵەوە هەندێ جار (ت)یشی پێوە دەلکێنن وەک لەم دوو ڕستەیەدا.[٦]

١- من ئەوانم دەوێت

٢- تۆ ئەوانت دەوێت

لە ئەنجامی شیکردنەوە و بەراوردکردنی ئەم دوو ڕستەیە و بەپێی پێوەندیی بنج و سیما دەردەکەوێ کە ئەم (ێت)ەی ئەم دوو ڕستەیە هیچ پێوەندییەکیان بەڕاناوی لکاوەوە نییە... (چ بکەری چ بەرکاری)... لەبەر ئەم هۆیانە.

أ- ئیشارەت نین بۆ بکەر یا بەرکار، چونکە لە هەردوو ڕستەکەدا ڕاناوی جودا و لکاوی بکەری ئامادەن و ب- بەرکار لە هەردوو ڕستەکەدا بەڕاناوی جودا (ئەوان) دەربڕاوە... بەپێی ئەم بۆچوون و ئەنجام و شیکردنەوەیە... لەم دوو ڕستەیەدا.

١- تۆ خۆشت دەوێت.

٢- تۆ ئەوت خۆش دەوێ.

(ێت)ی ڕستەی یەکەم ڕاناوی لکاوی بەرکارییە لە ڕاناوی جوداوەوە بەم جۆرە گوێزراوەتە لکاو...



(ێت)ی ڕستەی دووەم هیچ پێوەندییەکی بەڕاناوی لکاوەوە نییە... (ێ) یەکە بەشێکە لە ڕەگ و (ت) کە بەپێی قیاسێکی هەڵە خراوەتە سەری. بۆیە هەچ شیکردنەوەیەکی ڕێزمانی کوردی ئەمە بەڕاناو لە قەڵەم بدات، هیچ ئەنجامێ بەدەستەوە نادات.

پەراوێزەکان:

١- کرمانجیی خواروو

٢- بۆ زانیاریی زیاتر لە بارەی ئەرک و سروشتی کارکردنی ڕاناوە لکاوەکان... سەیری سەرچاوە ژ (٢) بکە.

٣- [Ø] نیشانەیە بۆ نەبوونی سیما... یا لابردنی دانەیێکی ڕێزمانی.

لە ڕابردوودا ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک لەگەڵ کاری تێنەپەڕدا لە دەوری بکەریدا هیچ سیمایەکی بۆ دەرناکەوێ [ئەو هات - Ø].

لە داهاتوودا [ێت/ات] دەردەکەوێ و بەپێی ئەم یاسایە (ئەگەر ڕەگی کار بە(ە) یا (ۆ) کۆتایی هاتبێ ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک قالبی (ات) دەگرێتەخۆ (ئەو دەڕوات - ئەو دەکات... تاد)، لە هەموو حاڵەتێکی تردا بە(ێت) خۆی دەردەخا.

٤- سەیری ل (٢٦)ی سەرچاوە ژ (٢) بکە.

٥- سەرچاوە ژ (١) ل (٦٣).

٦- سەرچاوە ژ (١) ل (٦٢ و ٦٣).

سەرچاوەکان:

١- مەسعوود محەمەد (١٩٧٦) چەند حەشارگەیێکی ڕێزمانی کوردی - بەغداد.

٢- وریا عومەر ئەمین (١٩٨٦) ڕێزمانی ڕاناوی لکاو - بەغدا.

3- Chomsky, N. (1965) Asppects of Theory of syntax - Cambridge, Mass. MIT Press.

*** ئەم وتارە لە گۆڤاری ڕامان- دەزگای ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندنی گوڵان، ژمارە (٣٩) ساڵی ١٩٩٩، لاپەڕە ٢٣٤-٢٣٥ بڵاوکراوەتەوە.**

لێکۆڵینەوەیێکی مۆرفۆفۆنێمی

سروشت و سیستەمی کارکردنی ڕاناوی لکاو بەگشتی و هی کەسی سێیەمی تاک بەتایبەتی لەلایەنە هەرە سرک و دژوارەکانی ڕێزمانی کوردییە، چ لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا چ لە ئاستی سینتاکسیدا. بەلای کەمی (١٢) ئەلەمۆرفی هەیە. هەبوونی ئەم هەموو ئەلەمۆرفە بۆ کەسی سێیەمی تاک بەڵگەی ئاڵۆزییەتی، کە بەشێکی ئەخرێتە پاڵ هۆی ڕێزمانی و بەشەکەی تری ئەخرێتە پاڵ هۆی فۆنۆلۆجی.

ئەم باسە لێکۆڵینەوەیێکی مۆرفۆفۆنیمێکیی[١] خێرای ئەو ڕاناوە لکاوەیە کە لەگەڵ ڕەگی کارا دەرئەکەوێ بۆ دەربڕینی ڕێککەوتن[٢] لەگەڵ بکەری کەسی سێیەمی تاکدا.

یەکەم: لەگەڵ کاری کاتی داهاتوودا

ئەو ڕاناوە لکاوەی کە لەگەڵ کاری کاتی داهاتوودا دەرئەکەوێ بۆ دەربڕینی ڕێککەوتن لەگەڵ بکەری کەسی سێیەمی تاکدا گەلێ شێوەی جیاوازی هەیە. هۆی وەرگرتنی ئەو قاڵبە جیاوازانە ئەو بیئە فۆنۆلۆجییە جیاوازانەیە کە تیایانا دەرئەکەوێ.

گەورەترین قاڵبی خۆی بە[ات/ێت][٣] دەرئەخا.

أ- یاسای دەرکەوتنی [ات]

ئەگەر ڕەگی داهاتوو بە[ۆ] یا [ـە] کۆتایی هاتبێ... ڕاناوە لکاوەکە قاڵبی [ات] ئەگرێتە خۆ. کە ئەچێتە سەر ڕەگەکە [ۆ] ئەبێتە [و]ی کپ [W] consonant و [ـە] ئەتوێتەوە.



[خواردن – خۆ]　ئە + خۆ + ات ⟵ ئەخوات axwât

[بردن – بە]　ئە + بە + ات ⟵ ئەبات abât

ب- یاسای دەرکەوتنی [ێت]

ئەگـەر ڕەگی داهاتوو بەهەچ فـۆنیـمێ جگە لە /ۆ/ و /ە/ کـۆتایی هاتبێ... ڕاناوە لکاوەکە قاڵبی [ێت] ئەگرێتە خۆ.

[چوون - چ] ئە + چ + ێت ⟵ ئەچێت

[شکاندن - شکێن] ئە + شکێن + ێت ⟵ ئەشکێنێت

ج- یاسای لابردنی [ت]ی بەئارەزوو Optional

ئەشێ [ت]ی [ات - ێت] لاببرێ بەمـەرجێ بزوێنی لەدوا نەیێ، بێ ئەوەی کـار لە ڕێزمـانێتی بکات... بەم جۆرە [ات - ێت] هەریەکە ئەلەمۆرفـێکی تریان هەیە کە [ا - ێ]ن، واتا [ات -ا] و [ێت - ێ] هەر یەکە لەگەڵ ئەوی ترا لە گۆڕینی سەربەست Free variation دان.

ئەشوات - ئەشوا

ئەبات - ئەبا

ئەچێت - ئەچێ

ئەوەرێت - ئەوەرێ

بەڵام ئەگەر بزوێنێ لە دوای [ات - ێت] هات [ت] کە ناشێ لاببرێ.

ئەو ئەخواتەوە.

ئەو ئەچێتەوە.

ئەو ئەباتە ئەوێ.

ئەو ئەنێرێتە لات.

د- یاسای توانەوەی [ێ]ی [ێت]

ئەگەر ڕەگی داهاتوو بە[ێ] کۆتایی هاتبێ، [ێ]ی ڕاناوی [ێت] لەناو [ێ]ی ڕەگەکە ئەتوێتەوە و ڕاناوەکە شێوەی [ت] ئەگرێتە خۆ.

ئەشکێ + ێت + ئەشکێت

ئەسووتێ + ێت + ئەسووتێت

هـ- یاسای توانەوەی (ێ)+ لابردنی (ت)

ئەگەر یاسای لابردنی [ت] بەسەر ئەو جۆرە نموونانەی سەرەوە سەپێنرا... ڕاناوی لکاو هیچ سیمایێکی بینراوی بۆ نامێنێ و بەمۆرفیمی سیفر Morpheme Zero خۆی دەرئەخا.

ئەشکێ + یت ⟵ ئەشکێت – ت ⟵ ئەشکێ

ئەسووتێ + یت ⟵ ئەسووتێت – ت ⟵ ئەسووتێ

لە ئەنجاما ئەوە دەرئەکەوێ کە ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک کە لەگەڵ کاری کاتی داهاتوودا دەرئەکەوێ بەلای کەمی ئەم شەش ئەلەمۆرفەی هەیە:

ئەلەمۆرف	یاسای دەرکەوتنی
ات	ئەگەر ڕەگ بە{ۆ} یا {ـە} کۆتایی هاتبێ
یت	ئەگەر ڕەگ بە{ۆ} یا {ـە} کۆتایی نەهاتبێ
ا	بەیاسای لابردنی {ت}
ێ	بەیاسای لابردنی {ت}
ت	بەیاسای توانەوەی {ێ}
Ø	بەیاسای توانەوەی {ێ} + لابردنی {ت}

دووەم: لەگەڵ کاری کاتی ڕابردوو:

ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک لەگەڵ کاری ڕابردوودا خۆی بەقاڵبی (ی) دەر ئەخا.

خواردی – بردی – هێنای – درووی.

١– ئەگەر ڕەگەکە بەکپ Consonant کۆتایی هاتبێ ڕاناوەکە بەبزوێن Vowel دەرئەکەوێ.

کردی ـ kird-î

ڕشتی rişt-î

ب– ئەگەر ڕەگەکە بەبزوێن کۆتایی هاتبێ (ی)ی ڕاناو خۆی بەکپ [y] دەرئەخا.

هێنای ـ hênâ-y

درووی ـ drû-y

ج- ئەگەر ڕەگەکە بە[ی] کۆتایی هاتبێ (ی)ی ڕاناو لەناو [ی]ی ڕەگەکە ئەتوێتەوە و ڕاناوەکە هیچ سیمایێکی بۆ نامێنێ.

کڕی +ی ⟵ کڕی

زەڕی + ی ⟵ زەڕی

assimilation

د- ئەگەر کاتی کارەکە لە ئێستای تەواودا Present Perfect بێت... لە ئەنجامی ڕووبەڕووکردنی مۆرفۆلۆجی Morphological Identification دەرئەکەوێ کە ڕاناوەکە قالبی (یـ ... تی) ئەگرێتە خۆ.

هێناو ـ یـ ... ـە ... تی

خواردوو ـ یـ ... ـە ... تی

واتا ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک کە لەگەڵ ڕابردووی تێپەڕا دەرئەکەوێ ئەم چوار ئەلەمۆرفەی هەیە.

ئەلەمۆرف	یاسای دەرکەوتنی
{y}	ئەگەر ڕەگ بە بزوێن کۆتایی هاتبێ
{î}	ئەگەر ڕەگ بە کپ کۆتایی هاتبێ
Ø	ئەگەر ڕەگ بە {ی} کۆتایی هاتبێ
یـ... تی	ئەگەر کاتەکە ئێستای تەواوبێ

هـ- لەگەڵ کاری تێنەپەڕی ڕابردوودا... کەسی سێیەمی تاک سیمایێکی بینراوی نییە Zero morpheme (Ø).

ئەو هات + Ø

ئەو چوو +Ø

و- لەگەڵ ڕستەی جووتێنراو Copulative کە ڕێزمانی هەندێ زمان بە(ڕستەی ناوی)ی ناوی ئەبات... کەسی سێیەمی تاکی کاتی ئێستا Present بە(ـە) خۆی دەرئەخا... وەک لە:

من ئازاد –م

تۆ ئازاد –یت

ئەو ئازاد –ە

ئێمە ئازاد –ین

ئێوە ئازاد –ن

ئەوان ئازاد –ن

هەموو ئەلەفۆرمەکانی ڕاناوی کەسی سێیەمی تاک لەم نەخشەیەدا ڕوون کراونەتەوە:

	کات	یاسای دەرکەوتنی
ڕێزمانی	ئێستا	ات – یت – ا – ێ – ت – ø
	ڕابردووی تێپەڕ	(یـ ... تی) – ø – î – y
	ڕابردووی تێنەپەڕ	ø
	ڕستەی جووتێنراو	ـە

پەراوێزەکان:

١– شیکردنەوەی مۆرفۆلۆجیی هەر زمانێ ئەبێ بەلای کەمی ئەم ئەرکانە بەجێ بهێنێ:

– دەستنیشانکردنی کەرەسە هەرە خاوەکانی مۆرفۆلۆجیی زمانەکە کە مۆرفیمەکانییەتی.

– دەستنیشانکردنی پێکهاتنی فۆنەتەکتیکیی مۆرفیمەکان.

– دەستنیشانکردنی ئەو یاسییانەی مۆرفیمەکان لێک ئەدەن بۆ داڕشتنی وشەکان.

– دەستنیشانکردنی ئەرکی مۆرفۆلۆجیی کەرەسە ناکەرتییەکان supra segmental.

– دەستنیشانکردنی قاڵبە جیاوازەکانی هەمان مۆرفیم (ئەلەمۆرفەکانی) کە لە ئەنجامی کارتێکردنی بیئەی فۆنۆلۆجیی جیاوازەوە سەرهەڵئەدەن. ئەمە پەیوەندیی مۆرفۆلۆجی بەفۆنۆلۆجییەوە ئەخاتە ڕوو و یاساکانی بەمۆرفۆنیمیکی ناو ئەبرێن.

بەگوێرەی ئامانج و سنووری باسەکە، ئەشێ لایەنێکی یا بەشێکی لایەنێکی زمانەکە وەربگیرێ و

بەپێی (یەکێ یا هەموو) ئەو ئەرکانەی سەرەوە شی بکرێتەوە. بۆ نموونە گەر بمانەوێ ڕاناوەکانی زمانی کوردی لە ڕووی مۆرفۆلۆجییەوە شی بکەینەوە ئەبێ ئەم هەنگاوانە بگرینە بەر:

أ- ڕاناوە جودا و لکاوەکانی جیا کەینەوە... دوور لە هەموو جۆرە ئەرکێ.

ب- پێکهاتنی مۆرفۆلۆجییان (واتا مۆرفیمەکانیان) دەستنیشان کەین.

ج- ئەلەمۆرفەکانی هەر یەکێ لە ڕاناوەکان دەستنیشان کەین و یاسا مۆرفۆفۆنیمەکان هەلێنجین.

باسێکم لە ژمارە (١١٥)ی گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێی ساڵی ١٩٨٧دا بلاوکردەوە بەناوی [ڕێزمانی کوردی - هەندێ شیکردنەوەی مۆرفۆلۆجی] تیایا ئامانج و پێڕەو و تەکنیکی شیکردنەوەی مۆرفۆلۆجیی ڕاناوم خستەڕوو چاوێکی پێدا بخشێنن(٤):

تێبینییەک لە بارەی ڕەخنەکانی د. ئاورەحمانی حاجی مارفەوە کە پەیوەندیی بەمۆرفۆلۆجییەوە هەیە، لە بارەی مۆرفیمی سیفرەوەیە.

د. ئەورەحمان وای پێشان ئەدات کە (وریا عومەر ئەمین) مۆرفیمی سیفری لە (عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسووڵ)ەوە وەرگرتووە (ڕەخنەی نارەخنە - ١٩٩٨ - ل ٤٧).

ئەمەوێ ئەوە ڕوونکەمەوە کە مۆرفیمی سیفر زاراوەیێکی زۆر باوی بواری مۆرفۆلۆجیای ڕێبازی (بونیەوی)ی بلومفیلدییە، لە سەرەتای سییەکانی سەدەی ڕابردوودا دارێژراوە بۆ ئەو مۆرفیمانەی کە دەنگیان هەیە و ڕەنگیان نییە و بۆ ماوەی زیاتر لە چل ساڵ، تا سەرهەڵدانی ڕێبازی چۆمسکی لە کۆتایی پەنجاکانا نەزەرییەی مۆرفیمی سیفر بواری زمانەوانیی داگیر کردبوو و لە کێشەدارترین خاڵەکانی ڕێبازی بونیەوییەت بوو. لە هەزاران (نەک سەدان) وتار و باس و لێکۆڵینەوە و کتێبی زمانەوانی لە هەموو جیهانا بەگەلێ زمان ناوی هاتووە و موناقەشە و هەرای لەسەر کراوە. یەکێکە لە کلیل و ڕێ پاککەرەوەکان بۆ سەرهەڵدانی ڕێبازی گوێزانەوە و بەسەری دەزووی پەیوەندیی نێوان بنج deep strac-ture و سیما surface stracture ئەژمێررێ و چۆتە میتالانگویجی ڕێبازی چۆمسکی و دوای چۆمسکیش دەور و نرخی تایبەتیی خۆی لە داڕشتنی یاسا مۆرفۆنیمەکانا هەیە... هتد.

(جگە لە نامەکانمدا... لە حەفتاکاندا) لە سەرەتای هەشتاکانیشەوە من زاراوەی مۆرفیمی سیفرم لە دەیان وتار و باسدا بەکارهێناوە بۆ نموونە:

١- لە ساڵی (١٩٨٢)دا لە ژمارە (٩)ی خولی (٢)ی گۆڤاری نووسەری کورددا.

٢- لە ژ (٢٤٩٣)ی ڕۆژی (١١/٤/١٩٨٤)ی ڕۆژنامەی (العراق)دا.

٣- لە ساڵی (١٩٨٦)دا لە ژمارە (٤٥)ی گۆڤاری (کاروان)دا. لە لاپەڕە (١١)ی ئەم وتارەمدا ئەڵێم. وەک خۆی ئەیخەمە ڕوو:

«ئێستا سەیری ئەم نموونانە بکە...

من چوو -م

تۆ چوو -یت

ئەو چوو - Ø

ئێمە چوو –ین

ئێوە چوو –ن

ئەوان چوو –ن

لە کەسی سێیەمی تاکدا... مانا و دەور هەیە، بەڵام قاڵب نییە.

زانایانی زمان بۆ چارەسەرکردنی ئەم گیروگرفتانە لە دابەشکردن و دەستنیشانکردنی جۆری مۆرفیمەکان بابەتی (تی)یان خستۆتە خانەی مۆرفیمی بۆش empty morpheme و ئەوەی مانا و دەوری هەبێ و قاڵبی فیزیاوی نەبێ خستوویانەتە خانەی مۆرفیمی سیفر zero mopheme...».

قوتابیمان کاک عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسووڵ ئەمەی خستۆتە نامەکەیەوە (١٩٩٥) و لە لیستەی سەرچاوەکانیدا ناوی ئەم وتارە و وتاری ترم ئەهێنێ کە تیایانا ناوی مۆرفیمی سفر ئەهێنم. د، ئەورەحمان وای بۆچووە کە عەبدوڵڵا ڕەسووڵ دانەر و داهێنەری چەمک و زاراوەی مۆرفیمی سیفرە و من لەوم وەرگرتووە.

٢- بۆ ڕێککەوتن concord سەیری ئەم باسە بکەن: وریا عومەر ئەمین (١٩٨٢) ڕێککەوتن لە زماندا. گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ (٩٢).

٣- سەیری ئەم باسە بکەن:

وریا عومەر ئەمین (١٩٨٥) کەی (ات) و کەی (یت). گۆڤاری ڕۆژی کوردستان، ژ (٧٠).

٤- هەروەها سەیری ئەم باسانەشم بکەن:

أ- ڕوونکردنەوەییێک، گۆڤاری نووسەری کورد، ژ (٥) ساڵی ١٩٨٥.

ب- ڕەخنەی نارەخنە، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ ١٤٠، ساڵی ١٩٩٧.

ج- پاشبەندی (ێ) لە ڕەخنەی نارەخنەدا... گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ (١٤٢)، ساڵی ١٩٩٨.

*** ئەم وتارە لە گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق – دەستەی کورد – بەغدا، ژمارە (٢٩ و ٣٠)ی ساڵی ٢٠٠٢، لاپەڕە ٢٩١–٢٩٧ بڵاوکراوەتەوە.**

فۆنۆلۆجی

فۆنەتیک ئەو لقەی زانستی زمانە کە لە دەنگەکانی زمان ئەکولێتەوە.

دەنگەکانی زمان ئەشێ لە سێ ڕووەوە سەیریان بکرێ و لێیان بکۆڵرێتەوە:

١- لە ڕووی دروستکردنەوەوە... ئەمە میکانیزمیەتی ئەندامانی ئاخاوتن ئەگرێتەوە.

٢- لە ڕووی گواستنەوەی دەنگەکان لە هەوادا بەهۆی ئەو شەپۆلانەی بەرەوتی بای لە سییەکانەوە هاتوو و جوولانەوەی بەشەکانی زار دروست ئەکرێن.

٣- لە ڕووی وەرگرتنی ئەم دەنگانەوە بەگوێ و شیکردنەوەیان لە مێشکا. ئەمەیان میکانیزمیەت و فسیۆلۆجییەتی گوێ و مێشک ئەگرێتەوە.

بەم جۆرە فۆنەتیک بۆتە سێ لقی سەربەخۆ. هەریەکە پەیڕەو و ئامانجی تایبەتیی خۆی هەیە.

لەبەر هەندێ هۆ کە پەیوەندیی بەسروشت و ئامانجی زانستی زمانەوە هەیە، بەشێوەیەکی گشتی بایەخ زیاتر بەلقی یەکەم دراوە. دوو لقەکەی تر تازە داهاتوون و پەیوەندییان زۆرتر بەمەیدانەکانی تری زانستەوەی وەک فیزیا و کۆمپیوتەرەوە... هتد هەیە.

ئەم وتارە هەوڵدانێکە بۆ پێناسینی فۆنەتیک و دەرخستنی پەیوەندی نێوان فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی.

فۆنەتیک لە کەرەسە (مادی)یە هەرە خاوەکانی زمان ئەکولێتەوە کە ئەو تاکە دەنگانەن بەهۆی ئەندامانی ئاخاوتنەوە دروست ئەکرێن لە ئەنجامی کۆمەڵە جوولانەوەیێک لە پەردەی ناوبنچکەوە دەست پێ ئەکا و سییەکان و بۆری هەناسە و قوڕگ و بەشەکانی زار و لووت هەموو تیایا بەشداری ئەکەن.

تایبەتییەتی هەر دەنگێک و هەڵوێستی ئەندامانی ئاخاوتن لە کاتی دروستکردنیدا دەستنیشان ئەکات.

فۆنەتیک ڕوونی ئەکاتەوە - بۆ نموونە - دەنگی (ب) و (ک)... هتد چۆن دروست ئەکرێن و چین ئەو ڕووداوانەی ئەندامانی ئاخاوتن کە وا ئەکەن ئەم دەنگانە دروست بکرێن. چییە (ب) لە (پ) جیا ئەکاتەوە؟... هتد.

فۆنەتیک تەنیا لەو دەنگانە ناکۆڵێتەوە کە لە نووسینا بەپیت دەرئەبڕێن. بەڵکو لەو کەرەسە زمانییانەش ئەکوڵێتەوە کە زۆر گرنگن لە زمانا بەلاَم لە نووسینا هیچ نیشانەیەکیان بۆ دانەنراوە وەک هێز stress، ئاواز intonation تۆن Tone و Pitch... هتد... سروشت و چۆنیەتی دروستکردنی ئەم کەرەسانە دەستنیشان ئەکات.

فۆنەتیک لەمانە هەموو ئەکوڵێتەوە بێ ئەوەی بایەخ بەوە بدا ئەم دەنگانە سەر بە چ زمانێکن. واتا – فۆنەتیک شتێکی گشتییە.

ئەو یاسایانەی فۆنیمەکانی زمان دەستنیشان ئەکەن و لەناو قالبی بڕگەی فۆنەتیکیدا لێکیان ئەدەن بۆ پێکهێنانی بڕگەی فۆنۆلۆجی و هۆی پەیابوون یا توانەوەی هەندێ دەنگ لە هەندێ حاڵەتا پێشان ئەدا، ئەمانە هەموو بەیاسا فۆنۆلۆجییەکان ناو ئەبرێن.

هەر زمانەی کۆمەڵە یاسایەکی فۆنۆلۆجیی تایبەت بەخۆیەوەی هەیە.

١- فۆنیمەکانی دەستنیشان ئەکات.

٢- لەناو قالبی بڕگەی فۆنەتیکیدا ئەم فۆنیمانە لەیەک ئەدا بۆ پێکهێنانی بڕگەی فۆنۆلۆجی.

٣- لە ئەنجامی لەیەکدانی ئەم فۆنیمانە لە هەندێ حاڵەتا – هەندێ دەنگ پەیا ئەبێ یا ئەتوێتەوە.

واتا فۆنۆلۆجی شتێکی تایبەتییە.

بۆ ڕوونکردنەوەی جیاوازیی نێوان فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی. ئەم بەراوردییە ئەخەینە ڕوو.

زمانی کوردی و عەرەبی[1] لەم شەش دەنگانەدا هاوبەشن [ر – ڕ – س – ص – ل – ڵ) وەک لەم نموونانەدا دەرئەکەوێ:

کوردی	دەنگ	عەرەبی
پەری	ر	برد
ڕەنگ	ڕ	حرِ
سەوز	س	سماء
صەگ	ص	صباح
لانک	ل	ليل
گوڵ	ڵ	نضاڵ

ئەوەی سەرنج ڕائەکێشێ ئەوەیە لە سیستەمی نووسینی زمانی کوردییا (ر) و (ڕ) جیا

کراونەتەوە کەچی لە هی عەرەبییا جیا نەکراوەتەوە و بۆ هەردووک یەک نیشانە تەرخان کراوە.

هۆی جیاکردنەوەیان لە زمانی کوردییا ئەوەیە ئەم دوو دەنگە لەم زمانەدا دوو شتی جیا و دوو نرخی جیاوازیان هەیە چونکە ئەتوانن لەهەمان بیئەدا دەرکەون و کار لە مانا بکەن. وەک لەم نموونانەدا دەرئەکەوێ

برین	بڕین
کەر	کەڕ
وەرین	وەڕین
پەری	پەڕی ...... هتد

واتا پەیوەندیی نێوان (ر) و (ڕ) وەک پەیوەندیی نێوان (س) و (ف) وایە:

کە	س	کەس
	ر	کەر

کە	ف	کەف
	ڕ	کەڕ

لە نووسینی عەرەبییا بۆ ئەم دوو دەنگە جیاوازە (ر – ڕ) یەک نیشانە تەرخان کراوە. چونکە بەدووان یەک نرخی تیا پێشان ئەدەن. هیچ وشەیێ لەم زمانەدا نادۆزرێتەوە ئەم دوو دەنگەی تیا ئاڵوگۆڕ بکرێ مانا بگۆڕێ. ئەو جیاوازییەی لە نێوانیانا هەیە ئەنجامی کارتێکردنی ئەو بیئە جیاوازانەیە کە تیایا دەرئەکەون. بەم جۆرە (ر) و (ڕ) لە زمانی عەرەبییا دوو شێوەی جیای هەمان فۆنیمن و لە زمانی کوردییا دوو فۆنیمی سەربەخۆن.

فۆنیم	کوردی	**دەنگ**	عەرەبی	فۆنیم
/ر/	پەری	**[ر]**	برد	/ر/
/ڕ/	پەڕی	**[ڕ]**	حر	

// نیشانەیە بۆ فۆنیم

[ ] نیشانەیە بۆ دەنگ

بەپێچەوانەوە... دەنگی (س) و (ص) لە زمانی کوردییا دوو شێوەی جیاوازی هەمان فۆنیمن... جیاوازیی نێوانیان ئەنجامی ئەو بیئە جیاوازانەیە کە تیایا دەرئەکەون. چونکە

هیچ وشەیێک لە زمانی کوردییا نادۆزرێتەوە بەئاڵوگۆڕکردنی ئەم دوو دەنگەی تیا کار لە مانا بکات. کەچی لە زمانی عەرەبییا ئەتوانن لەهەمان بیئەدا دەرکەون و کار لە مانا بکەن. وەک لەم نموونانەدا دەرئەکەوێ.

سلب صلب

عسیر عصیر

سار صار

مس مص

سهر صهر ...... هتد

بەم جۆرە ئەم دوو دەنگە لە زمانی عەرەبییا دوو فۆنیم و لە زمانی کوردییا یەک فۆنیم پێک ئەهێنن.

فۆنیم	کوردی	**دەنگ**	عەرەبی	فۆنیم
/س/	سەوز	**[س]**	سار	/س/
	صەگ	**[ص]**	صار	/ص/

بەهەمان پەیڕەو (ل) و (ڵ) لە زمانی عەرەبییا دوو شێوەی جیای هەمان فۆنیمن و لە زمانی کوردییا دوو فۆنیمن، چونکە ئەتوانن لەهەمان بیئەدا دەرکەون و کار لە مانا بکەن.

چل چڵ

گەل کەڵ

پەلە پەڵە

گول گوڵ

فۆنیم	کوردی	**دەنگ**	عەرەبی	فۆنیم
/ل/	چل	**[ل]**	امل	ل
/ڵ/	چڵ	**[ڵ]**	ظلم	

بەبەراوردکردنی زمانی کوردی و عەرەبی لەم شەش دەنگانەدا لە لێڤڵی فۆنەتیکی و فۆنۆلۆجی ئەم ئەنجامانەمان دەس ئەکەوێ.

فۆنۆلۆجی فۆنیم	عەرەبی	فۆنەتیک دەنگ	کوردی	فۆنۆلۆجی فۆنیم
/ر/	برد	[ر]	پەری	/ر/
	حر	[ڕ]	پەڕی	/ڕ/
/س/	سار	[س]	سەوز	/س/
/ص/	صار	[ص]	صەگ	
/ل/	امل	[ل]	چل	/ل/
	ظلم	[ڵ]	چڵ	/ڵ/
٤		٦		٥

واتا ئەم شەش دەنگە هاوبەشە لە لیڤڵی فۆنەتیکیدا، (پێنج) فۆنیم لە زمانی کوردییا و (چوار) فۆنیم لە زمانی عەرەبییا لە لیڤڵی فۆنۆلۆجیدا پێک ئەهێنن.

لەژێر تیشکی ئەوەی باسکرا... پێناسینی فۆنیم و پەیوەندیی بەدەنگ و پیتەوە بەم جۆرە دەستنیشان ئەکرێ[٢].

[کۆمەڵە دەنگێکی جیاواز گەر لەناو سیستەمی زمانێکا یەک نرخ پێشان بدەن، ئەم دەنگانە هەموو لەم زمانەدا یەک فۆنیم پێک ئەهێنن. بۆ هەر فۆنیمەی، بۆ مەبەستی نووسین، نیشانەیێ دائەنرێ بەپیت لە قەڵەم ئەدرێ. واتا پیت دەنگ نانوێنێ بەڵکو فۆنیم ئەنوێنێ فۆنیمیش لەوانەیە کۆمەڵە دەنگێ بنوێنێ. ئەمە ئەوە ئەگەیەنێ کە فۆنیم شتێکی (مجرد)ە].

پەیوەندیی نێوان دەنگ و فۆنیم و پیت لەم وێنەیەدا ڕوون کراوەتەوە.



وەک فۆنیمی /س/ لە زمانی کوردییا



وەک لە سەرەوە باس کرا... فۆنۆلۆجی (بەلای کەمی) سێ جۆر یاسا ئەنوێنێ. یەکەم ئەوە بوو باس کرا کە بەهۆیەوە فۆنیمەکانی زمان دەسنیشان ئەکرێن.

جۆری دووەمی یاسا فۆنۆلۆجییەکان ئەوانەن کە لەناو قالبی فۆنەتیکیدا فۆنیمەکان لەیەک ئەدەن بۆ دروستکردنی بڕگەی فۆنۆلۆجی.

تا ئێستا زانستی زمان بەهەموو قوتابخانەکانییەوە نەیتوانیوە پێناسینێکی بێ کەلەبەری بڕگە پێشکەش بکات. بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆری لێ جیا کردۆتەوە.

یەکەم -بڕگەی فۆنەتیکی- ئەم جۆرەیان گشتییە. هەموو زمانانی جیهان تیایا بەشدارن. پەیوەندیی بەفسیۆلۆجییەتی هەناسە وەرگرتن و چۆنیەتی کارکردنی ئەندامانی ئاخاوتنەوە هەیە. لەناو چوارچێوەی ئەم قالبە گشتییەدا زمانەکان جیاوازی پێشان ئەدەن لە چۆنیەتی لەیەکدانی فۆنیمەکانیان. ئەم لەیەکدانە تایبەتییە بڕگەی فۆنۆلۆجی -کە جۆری دووەمە- پێک ئەهێنێ.

لە هەموو زمانێکا ناوکی بڕگە ڤاولێکە لەگەڵ ئەم ڤاوڵەدا ئەشێ چەن کۆنسونانتێ دەرکەوێ. ژمارەی ئەو کۆنسونانت و جۆری ڕیزبوون و دەرکەوتنیان بەیەکەوە لە زمانەکانا جیاوازن. بۆ نموونە لە بڕگەی زمانی کوردییا لە یەک تا چوار کۆنسنانت ئەشێ لەگەڵ ڤاولا لە بڕگەدا دەرکەوێ. هەرگیز لە دوو کۆنسونانت زیاتر ناکەوێتە لایەکی ڤاوڵەکەوە. لە بڕگەی زمانی ئینگلیزییا ئەشێ پێنج کۆنسونانت دەرکەوێ گەورەترینیان ئەوەیە کە سێیان ئەکەوێتە پێش ڤاوڵەکە و دووانیان ئەکەوێتە دوای. لە هەر زمانەی هەندێ فۆنیم هەن هەرگیز بەیەکەوە دەرناکەون لە پێش یا دوای ڤاوڵی بڕگەدا... هتد. ئەو یاسایانەی دەرکەوتن و ڕیزبوونی کۆنسونانتەکان لەناو قالبی بڕگەدا دەستنیشان ئەکەن یاسای فۆنۆلۆجین.

جۆری سێیەمی یاسا فۆنۆلۆجییەکان ئەوانەن کە لە ئەنجامی لەیەکدانی فۆنیمەکان -لە

هەندێ حاڵەتا- دەنگ هەیە ئەتوێتەوە. وەک توانەوەی (ە)ی ئامرازی پێناسین (ەکە) کە (ان)ی کۆی ئەچێتە سەر.

کوڕەکە + ان ⟵ کوڕەکان

حاڵەتی واش هەیە لە ئەنجامی لەیەکدانی فۆنیمەکان هەندێ دەنگ پەیا ئەبێ... وەک دەرکەوتنی (ی) کە فەرمانی بێ هێز (ە) ئەچێتە سەر ئەو وشانەی بەڤاوڵ کۆتاییان دێ.

ئەو مامۆستا - ە ⟵ ئەو مامۆستایە

یا پەیابوونی (تی) کە ڕاناوی هەیی کەسی سێیەمی تاک (ی) و فەرمانی بێ هێز (ە) دەکەونە پاڵ یەک.

ئەو
برا - م - ە
برا - ت - ە
برا - ی - ە (تی) - برایەتی
برا - مان - ە
برا - تان - ە
برا - یان - ە

هەر زمانەی کۆمەڵە یاسایەکی دەستنیشان کراوی هەیە بۆ پەیابوون و لەناوچوونی هەندێ دەنگ لە ئەنجامی لەیەکدانی فۆنیمەکانی. ئەم یاسایانە بەیاسای فۆنۆلۆجی دەرئەبڕێن.

پەراوێزەکان:

١- زمانی عەرەبیمان هەڵبژارد بۆ ئەم بەراوردییە چونکە زۆربەی خوێنەران شارەزای ئەم زمانەن. هەچ دوو زمانێکی تر ئەشێ بۆ ئەم جۆرە بەراوردییە هەڵبژێررێ.

٢- لە گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق - دەستەی کورد. بەرگی نۆیەم - ساڵی ١٩٨٢ (ل ٤٣٤ - ٤٤٩) وتارێکمان هەیە بەفراوانی لە چەمکی فۆنیم و چۆنیەتی دەست نیشانکردنی لە زمانا ئەدوێ. بۆ ئەوانەی ئەیانەوێ زیاتر لەم باسە بگەن.

سەرچاوەکان:

١- وریا عـومەر ئەمین (١٩٨٢) - ئیـملای کوردی و چەن تێبـینیـیەک- گـۆڤاری زانیـاری عێـراق - دەستەی کورد. ل(٤٣٤-٤٤٠)

٢- وریا عومەر ئەمین (١٩٨٢) فۆنیمەکانی زمانی کوردی - گۆڤاری نووسەری کورد ژ ٨ خولی دووەم.

3- Abercrombie, D. (1966) Elements of general Phonetics. Edinburgh.

4- Robins, R. H. (1979) “General Linguistics. An Introductory Survey. London. Longman.

*** ئەم وتارە لە گۆڤاری کاروان - ئەمیندارێتی گشتی بۆ ڕۆشنبیری و لاوان - هەولێر، ژمارە (٢٠)ی ساڵی ١٩٨٤، لاپەڕە ٣٤-٣٧ بڵاوکراوەتەوە**

کەی (ات) و... کەی (ێت)

ڕاناوەکانی زمانی کوردی (کرمانجی خواروو) لەم خشتەیەدا ڕوون کراونەتەوە...

ژمارە	کەس	جودا	ڕاناوی جودا		
			١	٢	٣
تاک	١	من	م	م	م
	٢	تۆ	ت	یت	یت
	٣	ئەو	ی	-	ات/ێت
کۆ	١	ئێمە	مان	ین	ین
	٢	ئێوە	تان	ن	ن
	٣	ئەوان	یان	ن	ن

ئەرکی سەرەکیی ڕاناوە لکاوەکان[١] ئەوەیە لەگەڵ فەرمانا دەرئەکەون بۆ دەربڕینی ڕێکەوتن لەگەڵ بکەرا -واتا فەرمان ڕاناوێکی لکاوی سەر بەهەمان کەس و ژمارەی بکەری لەگەڵا دەرئەکەوێ و بەم جۆرە:

کۆمەڵی یەکەم لەگەڵ تێنەپەڕی ڕابردوو.

کۆمەڵی دووەم لەگەڵ تێپەڕی ڕابردوو.

کۆمەڵی سێیەم لەگەڵ تێپەڕ و تێنەپەڕی داهاتوو.

لە کۆمەڵی دووەم و سێیەما... ئەشێ (ت)ی کەسی دووەم و سێیەمی تاک لاببرێ گەر پریپۆزیشن بەپاشبەندێکی فەرمانی دەرنەبڕابێ[٢].

ئەچێت بۆ هەولێر

ئەچێ بۆ هەولێر. {(ت) لابرا}

ئەچێتە هەولێر. {ناشێ (ت) لابرێ}

ئەوەی سەرنج ڕائەکێشێ ئەوەیە (ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاکی کۆمەڵی سێیەم

دوو قالبی هەیە... (ات) و (ێت) یا (ا) و (ێ) گەر (ت) لابرا. واتا (ات) و (ێت) دوو ئەلەمۆرفی هەمان مۆرفێن لە دوو بیئەی فۆنۆلۆجیی جیاواز دەرئەکەون. یاسای دەرکەوتنیان بەم جۆرەیە.

گەر ڕەگی داهاتووی فەرمان کۆتایی بە(ۆ) یا (ـە) هاتبێ، ڕاناوە لکاوەکە قالبی (ات) ئەگرێتە خۆ... لەم حاڵەتەدا (ۆ) ئەبێ بە(و)ی کپ (w) و (ـە) ئەتوێتەوە.

چاووگ	ڕەگی داهاتوو	ئێستا کەسی سێیەم
خواردن	خۆ	ئەخۆ - ات ⟵ ئەخوات
ڕۆیشتن	ڕۆ	ئەڕۆ - ات ⟵ ئەڕوات
کردن	کە	ئەکە - ات ⟵ ئەکات
بردن	بە	ئەبە - ات ⟵ ئەبات

لە هەموو حاڵەتێکی تردا ڕاناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک لەگەڵ کاتی داهاتووی فەرمانا بە(ێت) دەرئەکەوێ...

چاووگ	ڕەگی داهاتوو	سێیەمی تاک
پرسین	پرس	ئەپرسێت
چوون	چ	ئەچێت
مردن	مر	ئەمرێت
شکان	شکێ	ئەشکێت
نوستن	نوو	ئەنووێت

پەراوێز و سەرچاوەکان:

١- سیستەمی کارکردنی ڕاناوە لکاوەکان لە لایەنە هەرە ئاڵۆزەکانی ڕێزمانی کوردییە سەیری ئەم وتارانەم بکەن تیایانا هەوڵ ئەدەم تیشکێ بخەمە سەر ئەم لایەنەی ڕێزمانی کوردی:

أ- لایەنێکی جیاوازی، گۆڤاری کۆڕی زانیاریی عێراق، دەستەی کورد، ژمارە (١٠) ساڵی ١٩٨٣ ل ٢٥٤-٢٧٦.

ب- ڕێزمانی ڕاناوی لکاو، گۆڤاری کاروان، ژمارە (٨) ساڵی ١٩٨٣.

٢- سەیری ئەم وتارە بکەن:
وریا عومەر ئەمین (١٩٨٤)، یاساییێکی فۆنۆلۆجی، گۆڤاری ڕۆژی کوردستان ژمارە (٦٦).
ئەم دیاردەیەی ڕێزمانی کوردی شی ئەکاتەوە و یاساکەی دەستنیشان ئەکات.
٣- لە ل١٣ی ئەم کتێبەم ئەم یاسایەم ڕوون کردۆتەوە.

3- Amin, W. O. (1976) “Some Fandamental rules of Kurdish Syntax Stucture” London.

*** ئەم وتارە لە گۆڤاری ڕۆژی کوردستان - کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کورد - بەغدا، ژمارە (٧٠) ساڵی ١٩٨٥، لاپەڕە ٢٠-٢١ بڵاوکراوەتەوە.**

فۆنیمەکانی زمانی کوردی

زانینی دەنگەکانی زمان و لەیەکدانیان بۆ دروستکردنی بڕگە بەشێکی زانیاریی قسەکەرە دەربارەی زمانی خۆی. گرنگترین لایەن لە زانینی زمانێ زانینی ئەو سیستەمە تایبەتییەیە کە دەنگ و مانا لەیەک ئەبەستێ. گەر زمانێکی بێگانە ببیستی هیچی لێ تێناگەیت و نازانیت وشەکانی لەکوێوە دەست پێ ئەکەن و لە کوێ تەواو ئەبن. چونکە ئەو سیستەمە تایبەتییە نازانیت کە دەنگەکانی ئەم زمانە لە ماناکانییەوە ئەبەستێ. واتا لەهەر زمانێکا ڕیزە دەنگێکی تایبەتی مانایەکی تایبەتی ئەبەخشێ، گۆڕینێ بەسەر ئەم ڕیزە دەنگە بێ ماناش ئەگۆڕێ. بۆ نموونە دوو ڕیزە دەنگی (بەهار) و (گوڵ) لە زمانی کوردیدا مانایان جیایە چونکە دەنگەکانیان وەک یەک نین. ئەم دوو وشەیە دەنگەکانیان بەتەواوی جیان. جووتە وشەی وا هەیە هەندێ لە دەنگەکانیان یەکن و هەندێ جیان وەک لە (هاوین) و (هەویر)دا، (ه)، (و) و (ی) یەکن و ئەوانی تر جیان. جووتە وشەی واش هەیە تەنها لە تاکە دەنگێ نەبێ هەموو یەکن وەک لە (پیر) و (بیر)دا. لەم وشانەی دواییدا ئەبینین گۆڕینی تاکە دەنگێ مانای تەواوی وشەکانی گۆڕی. ئەمە ئەوە ئەگەیەنێ کە (پ) و (ب) لە زمانی کوردییا دوو نرخی جیایان هەیە. بەم جۆرە (پ) و (ب) دوو فۆنیمی جیان لە زمانی کوردییا. لە (کەر) و (کەڕ) یا (برین) و (بڕین)دا (ر) و (ڕ) دوو فۆنیمی جیان چونکە دەرکەوتنیان لەهەمان بیئەدا مانای جیایان بە وشەکانا بەخشی. ئەو وشانەی هەموو دەنگەکانیان وەک یەکن تەنیا لە تاکە دەنگێ نەبێ و ئەم جیاییە لەم تاکە دەنگەدا مانای جیای بەوشەکانا بەخشی (جووتۆکە)ن.

بەبەراوردکردنی ئەم جووتۆکانە فۆنیمەکانی زمان دەسنیشان ئەکرێت.

لە ئەنجامی گەڕان بەشوێن هەموو ئەو وشانە -با بڵێین- لەگەڵ (پیر) و (بیر)ا ڕێک ئەکەون، لە زمانی کوردیدا ئەم حەوت وشانەی خوارەوە دەس ئەکەون (بەپێی کۆششی خۆم).

بیر – پیر – تیر – شیر – سیر – ژیر – میر

بەم جۆرە توانیمان حەوت فۆنیم (ب، پ، ت، ش، س، ژ، م) دەسنیشان کەین. نەبوونی وشەی تر ڕێککەوێ لەگەڵ ئەم کۆمەڵە ئەوە ناگەیەنێ کە فۆنیمەکانی زمانی

کوردی هەر ئەم حەوتەن. کۆمەڵێکی تری وەکو ئەوانەی خوارەوە بەراورد ئەکرێن.

کەر – کەڕ – کەو – کەم – کەس – کەی – کەل – کەف. ئەم هەشت وشانە کە هەموو جووتۆکەی یەکترن و وەک یەکن تەنیا لە دەنگی دواییانا نەبێ، هەشت فۆنیم دەسنیشان ئەکەن، (ر، ڕ، و، م، س، ی، ل، ف) دوانیان (س، م) لەگەڵ کۆمەڵی یەکەما هاوبەشن و شەشیان تازەن. ژمارەی فۆنیمەکان بوو بەسیانزە. لیستەکەمان زیاد ئەکەین بەزیادکردنی کۆمەڵی تری وەکو ئەوانەی سەرەوە... تا ئەگەینە ڕادەیەک هیچ فۆنیمی تازە نادۆزرێتەوە... وەک ئەوەی خوارەوە.

جووتۆکە	فۆنیمەکان	فۆنیمی تازە	ژمارە
بیر، پیر، سیر، شیر، تیر، ژیر، میر	ب، پ، س، ش، ت، ژ، م	ب، پ، س، ش، ت، ژ، م	٧
کەر، کڕ، کەو، کەم، کەس، کەی، کەل، کەف	ر، ڕ، و، م، س، ی، ل، ف	ر، ڕ، و، ی، ل، ف	٦
پار، بار، شار، کار، زار، دار، هار، مار، غار	پ، ب، ش، ک، ز، د، ه، م، غ	ک، ز، د، ه، غ	٥
شەو، خەو، کەو، چەو	ش، خ، ک، چ	خ، چ	٢
خاو، چاو، داو، ناو، ڕاو، لاو	خ، چ، د، ن، ڕ، ل	ن	١
ڤیان، ژیان، زیان	ڤ، ژ، ز	ڤ	١
حەوت، نەوت، کەوت، خەوت، چەوت	ح، ن، ک، خ، چ	ح	١
چل، چڵ	ل، ڵ	ڵ	١
بەش، گەش، ڕەش، لەش، شەش، کەش	ب، گ، ڕ، ل، ش، ک	گ	١
هەزار، هەژار، هەنار	ز، ژ، ن	–	–
باش، ماش، جاش	ب، م، ج	ج	١

جووتۆکە	فۆنیمەکان	فۆنیمی تازە	
هەور، چەور، جەور	ه، چ، ج	–	–
ڕەق، ڕەش، ڕەپ، ڕەز	ق، ش، پ، ز	ق	١
ماچ، مان، مار، ماف، ماش، ماڵ، ماد، مام، مات	چ، ن، ر، ف، ش، ڵ، د، م، ت	–	–
مازی، ماسی	س، ز	–	–
دوور، دار، دەر	وو، ا، ە	وو، ا، ە	٣
شێر، شار، شیر	ێ، ا، ی	ێ، ی	٢
زۆر، زار، زوور	ۆ، ا، وو	ۆ	١
ژن، ژین، ژان	(i)، ی، أ	(i)	١
کۆن، کون	ۆ، و	و	١
برین، بڕین	ر، ڕ	–	–
کەڕ، کوڕ، کۆڕ، کڕ	ـە، و، ۆ، (i)	–	–
بان، باغ، بار، باڕ، باو، باش	ن، غ، ر، ڕ، و، ش	–	–

هەرچەند کۆمەڵی تر زیادکەین هیچی تری نوێمان بۆ نادۆزرێتەوە ئەمە ئەوە ئەگەیەنێ کە فۆنیمەکانی زمانی کوردی بەپێی ئەم لێکۆڵینەوەیە (٣٥)ن.

یەکێ لەو گۆڕینانەی بەسەر سیستەمی فۆنۆلۆجیی شێوەی سلێمانی هاتبێ توانەوەی دەنگی (د)یە لە هەندێ بیئەدا. یەکێ لەمانە توانەوەی (د)ی ئامرازی هەمیشەییە.

Daxom ——— Axom

Damxward ——— Amxward

سروشتی ئەلف و بێی عەرەبی ئەم (ئـ)یەی بەسەر زمانی کوردیدا سەپاندووە لە نووسینا.

(دەکەم) – (ەکەم)، (ە) بەتەنیا ناشێ بنووسرێ و کراوە بە (ئە).

هەروا دەرنەکەوتنی (ئـ) لە هیچ وشەیێکی کوردی و بوونی بە(ی) لەو وشانەی لە

عەرەبییەوە وەرگیراون ئەیسەلمێنێ کە ئەم (ئـ)یە نیشانە نییە بۆ هیچ دەنگێ و ناشێ بخرێتە سیستەمی فۆنۆلۆجی کوردییەوە.

گەلێ وشەی عەرەبیش کە دەنگی (ع)ی تیایە لە زمانی کوردی ئیمڕۆمان بەکار ئەهێنرێن وەک (لەعنەت). (عیسا)،... هتد ئەشێ (ع)ش بەفۆنیمێکی کوردی دابنرێت. بەم – جۆرە و بەپێی ئەم لێکۆڵینەوەیە زمانی کوردی (شێوەی خواروو) (٣٦) فۆنیمی هەیە.

ئاشکرایە کە دەنگی (س) لە وشەی (سەر و باس)دا جیان لە دەنگی (س) کە لە وشەی (ساڵ و سەد)دا دەرئەکەوێ. لەم وشانەی دواییدا دەنگەکە وەک بڵێی شێوەی (ص)ی وەرگرتبێ سەرەڕای ئەم جیاوازییە هەردووکیان سەر بەیەک فۆنیمن و یەک نرخیان لە سیستەمی فۆنۆلۆجی زمانی کوردیدا هەیە. چونکە جووتە وشەی وا نادۆزرێتەوە لەم زمانەدا کە ئەم دوو دەنگە جیاوازەی تیا لەهەمان بیئەدا دەرکەوێ و دوو مانای جیا ببەخشێ. ئەم دوو دەنگە هەردووک لە زمانی عەرەبیشدا هەن کەچی سەر بەدوو فۆنیمی جیان چونکە دوو نرخی جیایان هەیە. لە سیستەمی فۆنۆلۆجیی زمانی عەرەبیدا هەردووک لە هەمان بیئەدا دەرئەکەون و مانای جیا ئەبەخشن وەک لە (سار: ڕۆیشت) و (صار: بوو) هەردووک لە بیئەی {(....)ار} دەرکەوتن و مانای جیایان بەخشی.

(ر) و (ڕ) لە زمانی کوردیدا دوو فۆنیمی جیان چونکە لەم زمانەدا جووتە وشەی وا هەیە ئەم دوو دەنگە جیاوازە تیایانا لە هەمان بیئەدا دەرئەکەون و مانای جیا ئەبەخشن وەک لە (برین) و (بڕین) یا (کەر) و (کەڕ)دا لە بیئەی (بـ....ین) و (کە...). ئەم دوو دەنگە لە زمانی عەرەبیشا هەن وەک لە وشەی (کریم) و (رب)دا دەرئەکەون، بەڵام لە سیستەمی فۆنۆلۆجیی زمانی عەرەبیدا بەیەک فۆنیم ئەژمێررێن چونکە وشەی وا لە زمانی عەرەبیدا نییە تیایا بەئاڵوگۆڕکردنی ئەم دەنگە مانا بگۆڕێ. ئەم دەنگانە شێوەی جیا ئەگرن بەپێی ئەو بیئە جیاوازانەی تیایانا دەرئەکەون. تیایا دەرکەوتنی ئەم دوو دەنگە جیاوازە لەهەمان بیئەدا دوو مانای جیا ببەخشێ. واتا فۆنیم شتێکی (مجرد).

لە زانستی زمانا بۆ جیاکردنەوەی ئەم دوو لایەنە نیشانەی فۆنیم ئەخرێتە نێوان دوو هێڵی لارەوەی وەک // و نیشای دەنگ ئەخرێتە نێوان دوو کەوانە [ ] پەیوەندی نێوان دەنگ و فۆنیم لەم وێنەیەدا ڕوون کراوەتەوە.

/فۆنیم/ [دەنگ]
[دەنگ]
....

وەک:

/س/ [س]
[ص] (لە زمانی کوردیدا)

ئەلف و بێی هەر زمانێ ئەبێ بەپێی ژمارەی فۆنیمەکانی دەسنیشان ئەکرێن. هەر فۆنیمەی نیشانەیەکی بۆ دائەنرێ کە پێی ئەوترێ (پیت) یا (تیپ).

*** ئەم وتارە لە گۆڤاری نووسەری کورد – گۆڤاری یەکیەتی نووسەرانی کورد، ژمارە (٨) ساڵی ١٩٨٢، لاپەڕە ٢٩–٣٥ بڵاوکراوەتەوە.**

مۆڕفۆفۆنۆسینتاکس

ئەم باسە لە گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی
ژمارە (٢٣)ی ساڵی (٢٠١٢) دا بڵاوکراوەتەوە.

(**دەمانبینیت**) دارشتەییێکی پۆلۆسینسیتیە[١] ڕستەیێکی لێڵە[٢] لە قالبی وشەیێکدا ، بەلای کەمی ئەم دوو واتایە دەگەیێنێ:

ا ـ تۆ ئێمە دەبینیت. (ئیستا)

ب ـ ئێمە تۆمان دەبینی. (جاران)

واتا ڕستەی (دەمانبینیت) دوو بنجی هەیە. سێ جۆر یاسای گوێزانەوەی ڕێزمانی (سینتاکسی – مۆڕفۆلۆجی – فۆنۆلۆجی) ، کە هەریەکە سەر بە ئاستێکە ، بەشداری دەکەن لە ئەنجامدانی.

ئەم باسە هۆی ئەم لێڵییە دەخاتە روو و زاراوە بۆ ئەم دیاردەیە پێشنیاز دەکات.

لە زمانی کوردیدا دوو جۆر ڕاناو هەیە. (جودا و لکاو) جۆر و ئەرکیان لەم خشتەیەدا خراونەتەڕوو:

ژمارە	کەس	جودا	لکاو	
			ڕابردووی تێپەڕ (A)	ڕابردووی تێنەپەڕ و داهاتووی تێپەڕ و تێنەپەڕ (B)
تاک	١	من	م	م
	٢	تۆ	ت	یت
	٣	ئەو	ی	٠ـ / ێت – ات
کۆ	١	ئێمە	مان	ین
	٢	ئێوە	تان	ن
	٣	ئەوان	یان	ن

ڕاناوە لکاوەکان لەگەڵ کاردا دەردەکەون بۆ دەربڕینی ڕێکەوتن لە نێوان بکەر و کاردا. واتا ڕۆڵی بکەری دەبینن.

ژمارە	کەس	جودا	لکاو			
			ڕابردووی تێپەڕ	ڕابردووی تێنەپەڕ	داهاتووی تێنەپەڕ	داهاتووی تێپەڕ
تاك	١	من	کرد ـ م	چوو ـ م	دەچـ ـ م	دەکە ـ م
	٢	تۆ	کرد ـ ت	چوو ـ یت	دەچـ ـ یت	دەکە ـ یت
	٣	ئەو	کرد ـ ی	چوو ـ	دەچـ ـ ێت	دەکـ ـ ات
کۆ	١	ئێمە	کرد ـ مان	چوو ـ ین	دەچـ ـ ین	دەکە ـ ین
	٢	ئێوە	کرد ـ تان	چوو ـ ن	دەچـ ـ ن	دەکە ـ ن
	٣	ئەوان	کرد ـ یان	چوو ـ ن	دەچـ ـ ن	دەکە ـ ن

دەستەی (A) (م ـ ت ـ ی ـ مان ـ تان ـ یان) بە یەکەمی ئەم بەشانەی ڕستەوە دەلکێ ، بەم ریزە:

١) ـ بەرکاری ڕاستەوخۆ

٢) ـ بەرکاری ناڕاستەوخۆ

٣) ـ پێشبەند

٤) ـ یەکەم پێشگر

٥) ـ ڕەگی کار ....(یاسا ژ ١)

واتا

١ ـ ئەگەر بەرکاری ڕاستەوخۆ لە ڕستەکەدا هەبوو ڕاناوە لکاوەکە پێیەوە دەلکێ.

ـ ئەوان **دیاری ـ یان** بۆ ئازاد نەدەنارد.

٢ – بەرکاری ڕاستەوخۆ نەبوو بە بەرکاری ناڕاستەوخۆوە دەلکێ:

ئەوان بۆ **تۆ ـ یان** نە دەنارد.

٣ ـ بەرکاری ڕاستەوخۆش نەبوو بە پێشبەندەوە دەلکێ:

ئەوان **بۆ ـ یان** نەدەنارد.

٤ـ پێشپەند نەبوو بە پاشگری یەکەمەوە دەلکێ

ئەوان **نە ـ یان** دە نارد.

ئەوان **دە ـ یان** نارد

٥ ـ پاشگر نەبوو بە ڕەگی کارەوە دەلکێ :

ئەوان **نارد ـ یان**.

دەستەی (B) (م ـ یت ـ ێت/ات ـ ین ـ ن ـ ن) هەمیشە بە ڕەگی کارەوە دەلکێ.

...........(یاسا ژ ٢)

ڕاناوە لکاوەکان جگە لە ئەرکی (بکەری) ئەرکی (بەرکاری) ش دەبینن[٣].

واتا ڕاناوی جودای ڕستە دەشێ بە ڕاناوێکی لکاوی سەر بە هەمان کەس و ژمارە جێگیر بکرێ. ئەمە بە پێی ئەم یاسایەی لەم خشتەیەدا خراوەتە روو دێتە ئەنجام:

ئەرک	کات	
	ڕابردوو	داهاتوو
بکەر	A	B
بەرکار	B	A

واتا :

١ ـ ئەگەر (بکەر) سەر بە دەستەی (A) بێ ئەوە (بەرکارەکە) بە ڕاناوێکی لکاوی سەر بە دەستەی (B) جێگیر دەکرێ.

٢ ـ . ئەگەر (بکەر) سەر بە دەستەی (B) بێ .. ئەوە بەرکارەکە بە ڕاناوێکی لکاوی سەر بە دەستەی (A) جێگیر دەگرێ.

ڕاناوە جێگیرکراوەکە بە پێی یاساکانی شوێن ژ١ و ٢ شوێنی خۆیان دەگرن.

لە ڕستەی:

تۆ ئێمە دەبینیت.

تۆ ـ بکەرە

ئێمە ـ بەرکارە

دە ـ ئەسپێکتە ، ئامرازی بەردەوامییە.

بین ـ ڕەگی داهاتووی (بینین) ـە.

بۆ جێگیرکدنی بەرکار (ئێمە) بە ڕاناوێکی لکاو:

١ ـ کاری ڕستەکە (بین) تێپەڕە و کاتەکەی (داهاتووە).بە پێی خشتە ژ ٣ گەر کات داهاتوو بێ بکەر لە دەستەی (B) دەبێ . لێرە ڕاناوی بکەری (یت) ـە کە سەر بە دەستەی (B) ـە.

٢ ـ بۆ (بەرکاری) روو لە دەستەکەی تر دەکەین. واتا دەستە (A). تێیدا (مان) بەرانبەر (ئێمە) یە.(مان) جێی (ئێمە) دەگرێ .

٣ ـ (مان) کە سەر بە دەستەی (A) یە ، بە پێی یاسای شوێن ژ 1 بە یەکەم پێشگرەوە دەلکێ ، کە (دە ـ) یە.

٤ ـ بە پێی یاسای (بکەرلادان) ی بە ئارەزوو دەشێ (تۆ) لابرێ و رستەکە دەبێتە:

دە ـ مان ـ بین ـ یت

دەمانبینیت ...... (تۆ ئێمە دەبینیت)

٥ ـ دەشێ (ت) ی ڕاناوی (یت) بەیاسایێکی بە ئارەزوو لابرێ ، لە ئەنجامدا ڕستەکە دەبێتە:

دەمانبینی

له ڕستەی :

ئێمە تۆمان دەبینی.

ئێمە ـ بکەرە

تۆ ـ بەرکارە

مان ـ ڕاناوی لکاوی بەرکارییە.

دە - ئەسپێکتە، ئامرازی بەردەوامییە.

بینی ـ ڕەگی ڕابردووی (بینین) ـە.

بۆ جێگیرکدنی بەرکار (تۆ) بە ڕاناوێکی لکاو:

١ ـ کاری ڕستەکە (بین) تێپەڕە و کاتەکەی (ڕابردووە). بە پێی خشتە ژ ٣ گەر کات رابردوو بێ بکەر لە دەستەی (١) دەبێ لێرە ڕاناوی بکەری (مان) ـە کە سەر بە دەستەی (A) ـە.

٢ ـ بۆ (بەرکاری) روو لە دەستەکەی تر دەکەین. واتا دەستە (٢). تێیدا (یت) بەرانبەر (تۆ) یە.(یت) جێی (تۆ) دەگرێ .

٣ — بە پێی یاسا ژ (2) دەچێتە شوێنی خۆی کە ڕەگی کارەکەیە.

٤ — (مان) بەڕەڵڵا بوو و بێ پەناگە مایەوە. بە پێی یاسای شوێن ژ 1 ئەگەر ئەگەر بەرکاری ڕاستەوخۆ و بەرکاری ناڕاستەوخۆ و پێشبەند لە ڕستەکەدا نەبوو ، دەستەی یەکەمی ڕاناوە لکاوەکان بە یەکەم پێشگرەوە دەلکێ. لێرە بە پێشگری (دە -) وە دەلکێ.

٤ — زمانی کوردی وەك زمانێکی (بکەر لاچ) دەشێ بە یاساییێکی بە ئارەزوو (ئێمە) لابرێ و رستەکە دەبێتە:

دە - مان - بینی - یت

٥ — (ی) ی نیشانەی کاتی ڕابردوو و (ی) ی (یت) بەیاسای (تێکتوانەوە) دەبن بە یەك (ی).

دەمانبینیت...... (ئێمە تۆمان دەبینی)

هەنگاوەکانی گوێزانەوەی ڕستەی (أ) و (ب) و بۆ هاوسیماکانیان لەم وێنەیەدا روونکراوەتەوە:



سیمای ئەم ڕستەیە دەقاودەق وەك ئەوەی پێشترە. دوو ڕستەی جیا .. دوو واتای جیا. لە دوو کاتی ڕێزمانیی جیا ، لەئەنجامی سەپاندنی دەستەیێك یاسای گوێزانەوە بۆ گواستنەوەیان لە بنجەکانیانەوە بۆ سیماکانیان ... ڕێکەوت هەردووکی کرد بە هاوسیما و بوو بە هۆی لێڵییەکە[٤].

بە سەپاندنی یاسای لابردنی (ت) ی بە ئارەزوو ئەم ڕستەیە سیماییێکی تریشی دەبێ کە ئەمەیە:

دەمانبینی

لەم جۆرە داڕشتنەدا سێ جۆر یاسا (سینتاکسی – مۆرفۆلۆجی – فۆنۆلۆجی) ، هاوکات بەشدارییان کرد لە گوێزانەوەی ڕستەکان لە بنجەکانیانەوە بۆ سیماکانیان و لە چوارچیوەی وشەییێکدا دایانڕشت.

گەر ئەو داڕشتنانەی کە (مۆرفۆلۆجی و فۆنۆلۆجی) بەشداری دەکەن لە ئەنجامدانیان بە یاساکانی (مۆرفۆفۆنیمی) ناودەبرێن و ئەو داڕشتنانەی کە (سینتاکس و مۆرفۆلۆجی) بەشداری دەکەن لە ئەنجامدانیان بە یاساکانی (مۆرفۆسینتاکسی) ناو دەبرێن ، بەلای منەوە بۆ داڕشتنی پۆلۆسینسیتیی لێڵ (مۆرفۆفۆنۆسینتاکس) زاراوەییێکی گونجاوە .

پەراوێزەکان

١ ـ بۆ پێناسەی (پۆلۆسینسیتی) Polosynthetic سەیری ئەم وتارە بکە :

وریا عومەر ئەمین (٢٠٠٧) کوردی زمانێکی پۆلۆسینسیتییە. گ. نووسەری نوێ . ژ ٣٦.

لە ل ١٥١ – ١٥٣ ی کتێبی (پیتۆکەکانی زمانەوانی) ئاراس ٢٠١١ ش دووبارە بڵاوبۆتەوە.

٢ ـ سەیری ئەم سەرچاوانە بکە:

وریا عومەر أمین (١٩٩٥) لێڵی لە زمانی کوردیدا. گ. ڕۆشنبیری نوێ. ژ ١٣٦ ل٦٦ – ٦٩.

لە ل ٢٩٣ – ٣٠٠ ی کتێبی (ئاسۆیەکی تری زمانەوانی) ئاراس ٢٠٠٩ ش بەرچاو دەکەوێ.

٣ – بۆ یاساکانی ئەم لایەنەی ڕێزمانی کوردی سەیری ئەم سەچاوانە بکە:

a) - Waria Omar Amin(1979) Aspects of the verbal construction in Kurdish. University of London. 2nd publishing 2011.by Kurdish Academy.

ب) – وریا عومەر ئەمین (١٩٨٦) ڕێزمانی ڕاناوی لکاو. بغداد.

پ) – __________ (٢٠٠٠) بەراوردییەك . گ. ڕۆشنبیری نوێ. ژ١٤٦ ل ١٦ – ٢٠.

٤ – ئەم دیاردەیە ، یەکەم جار لە ل ١٢ ی سەرچاوە ژ ٥ پێشکەش کرا و یاساکانی دەست نیشان کرا.

سەرچاوەکان

1 - Carr, F. (1993) Phonology.Macmillan Press. London.

2 - Chomsky, N.A. (1965) Aspects of the theory of syntax. Cambridge, Mass. MIT Press.

3 – Katamba, F. (1993) Morphology. Macmillan Press. London.

4 - Waria Omar Amin (1976) Some fundamental rules of Kurdish syntax structure. University of London. Published by Kurdish Academy (2011)

5 - _______________ (1979) Aspects of the verbal construction in Kurdish. University of London.

ملخص البحث

توجد في اللغة الكردية مجموعتان من الضمائر المتصلة التي تظهر مع الفعل للتعبير عن التوافق مع الفاعل يرمزان بـ A وتشمل (م – ت – ى – مان – تان – يان) و B وتشمل (م – يت – x/ يَت – ات – ين – ن – ن).. مجموعة A التي تظهر كفاعل مع المتعدي الماضي ، تظهر كمفعول مع المتعدي المضارع. مجموعة B التي تظهر كفاعل مع المتعدي المضارع ، تظهر كمفعول مع المتعدي الماضي.

الدور	زمن الفعل	
	ماضي	مضارع
فاعل	A	B
مفعول	B	A

هذا البحث الذي هو بعنوان (التركيب الصرفصوتنحوي) محاولة لتفسير هذا الجانب وتبيان سبب الغموض الذي يظهر في بعض الحالات في هذه التراكيب.

Abstract

In Kurdish sentence verb agrees with the subject NP in number and person. Two sets of personal suffixes perform these tasks. Set (A) (m – t – i: - ma:n – ta:n – ya:n) and set (B) (m – i:t – 0/ a:t / e:t - i:n – n – n). Apart from subject agreement , the personal suffixes occur as object also, in opposite tense. Their function are shown in the following table:

Function	Tense	
	Past	Present
Subject	A	B
Object	B	A

In applying transformational rules an ambiguity is created in some circumstances due to the application of some phonological rules. This paper which is entitled (Morphophonosyntax) , is an attempt to explain this phenomenon.

جووتۆکە

لە ڕۆژنامەی (هاوکاری) ژ1170 ی (16 / 4 / 1990) دا بڵاوکراوەتەوە

ئەگەر (ڕ) خرایە جێی (ر) لە وشەی (برین) دا ، دەبێتە (بڕین) ، کە وشەیێکی ترە و واتایێکی جیاوازی هەیە. ئەمە ئەوە دەگەیێنێ کە (ڕ) و (ر) لە زمانی کوردیدا دوو نرخی جیاوازیان هەیە ، واتا دوو فۆنیمن.

ئەگەر (ز) خرایە جێی (ن) لە وشەی (هەنار) دا ، دەبێتە (هەزار). کە وشەیێکی ترە و واتایێکی تر دەبەخشێ.

ئەگەر (ژ) خرایە جێی (ن) یا (ز) لە وشەی (هەنار) و (هەزار) دا ، دەبنە (هەژار) و واتای سێیەم سەرهەڵدەدا. بەمە دەردەکەوێ کە (ز – ن – ژ) سێ نرخی جیا لە سیستەمی فۆنۆلۆجیی زمانی کوردیدا پێشان دەدەن ، واتا سێ (فۆنیم) ن.

لە وشەی (بار) دا ، ئەگەر (ک) خرایە چێی (ب) دەبێتە (کار). ئەگەر (ش) یا خرایە شوێنی (ب) یان (ک) ، وشە و واتای سێیەم (شار) سەرهەڵدەدا.

هەمان شت لەگەڵ (ز – م – ه – پ) وشە و واتای چوارەم و پێنجەم و شەشەم و حەوتەم (زار – مار – هار – پار) پێک دێت. بەم چۆرە (ک – ب – ش – ز – م – ه – پ) حەوت نرخی جیا پێشان دەدەن لە سیستەمی فۆنۆلۆجیی زمانی کوردیدا. واتا حەوت (فۆنیم) ن.

بە لێکدانەوەی نموونەکانی سەرەوە دەردەکەوێ ، کە ئەگەر دوو دەنگی جیاواز لە هەمان شوێندا دەرکەون و دەرکەوتنی هەر یەکە واتایێکی جیای لە دەرکەوتنی ئەویتر بەخشی ، ئەوە ئەم دوو دەنگە سەر بە دوو فۆنیمی جیان.

نە دەنگ فۆنیمە و نە فۆنیم دەنگە. ئەمانە دوو شتی جیاوازن. دەنگ کەرەسەیێکی (فیزیاوی) یە ، (بوون) ی هەیە. فۆنیم شتێکی (پەنامەگی) یە Abstract جەند دەنگێکی جیاواز دەنوێنێ ، کە هۆی جیاوازیی نێوانیان دەکەوێتە پاڵ ئەو ژینگە جیاوازانەی تیایاندا دەردەکەون.

فۆنیم و فون و ئەلۆفون و پیت

هەندێ لەم جیاوازییانە بە ئاسانی بە بیستن هەستیان پێ دەکرێ ، وەک دوو دەنگی (س) و (ص) لە زمانی کوردیدا ، سەر بە هەمان فۆنیمن ، چونکە هیچ وشەیێک لە زمانی کوردیدا نییە ئەم دوو دەنگەی تێدا ئاڵوگۆڕ بکرێ واتا بگۆڕێ . هەر یەکە لەم دەنگانە (فۆن) ێکە Phone . (س) و (ص) دوو فۆنی سەر بە هەمان فۆنیمن ، ئەلەفۆنی Allophone یەکترن.

/فۆنیم/ =]فۆن[+]فۆن[+]فۆن[....

/ / نیشانەی (فۆنیم) ە

] [نیشانەی (فۆن) ە

هەر فۆنیمێک لە نووسیندا بە هێماییک دەخرێتەڕوو بە (پیت) ناودەبرێ.

هەمان شت لەگەڵ دوو دەنگی (ت) و (ط) لە وشەی (تاڵ و تۆڕ) دا. (ت) یەکان بە (ط) دەبیسترێن.هەر یەکە (فۆن) ێکە Phone . بەم جۆرە (ت) و (ط) دوو ئەلەفۆنی هەمان فۆنیمن.

زۆر جووتە دەنگ هەن لە دوو زماندا هاوبەشن کەچی لە یێکێکیاندا سەر بە دوو فۆنیمی جیان و لە ئەویتردا سەر بە هەمان فۆنیمن.بۆ نموونە (ر) ی لاواز و (ڕ) ی قەڵەو لە زمانی کوردی و عەرەبیدا.

ئەم دوو دەنگە لە زمانی کوردیدا سەر بە دوو فۆنیمی جیان ، چونکە زۆر وشە لەم زمانەدا هەن یێکێ لەم دوو دەنگەی تیایە ، گەر بە دەنگەکەی تر جێگیر بکرێ واتاکەی دەگۆڕێ.وەک لە وشەی (کەر) دا ، (ڤ) یەکە لاوازە ، گەر جێگیر کرا بە (ڕ) یی قەڵەو ، دەبێتە (کەڕ). هەمان شت لەم جووتە وشانە :

وەرین – وەڕین

پەری – پەڕی

(ر) و (ڕ) لە زمانی عەرەبیشدا هەن ، بەڵام هیچ وشەیێکی تێدا نادۆزرێتەوە ئەم دوو دەنگەی تێدا ئاڵوگۆڕ بکرێ کار لە واتا بکات. بۆیە ئەم دوو دەنگە لە سیستەمی فۆنۆلۆجیی زمانی عەرەبیدا دوو فۆنی سەر بە هەمان فۆنیمن .

بە پێچەوانەوە (س) و (ص) لە زمانی کوردیدا سەر بە هەمان فۆنیمن ، جونکە هیچ وشەیێکی تێدا نادۆزرێتەوە یەکێ لەم دەنگانەی تێدا بێ جێگیر بکرێ بە ئەوەکەی تر واتاکەی بگۆڕێ ، کەجی لە زمانی عەرەبیدا گەلێ وشە هەن تیایاندا ئەم دوو دەنگە ئاڵوگۆڕ بکرێ واتاکانیان بگۆڕێ. وەک لە (فسیح – فصیح / عسیر – عصیر).

ئەم جۆرە جووتە وشانەی وەک یەکن لە تاکە دەنگێکدا نەبێ بە (جووتۆکە) Minimal Pair ناودەبرێن، وەک:

ژیان – گیان

شەو – خەو

زار – هار

بۆ دەسنیشانکردنی فۆنیمەکانی هەر زمانێ دەبێ جووتۆکەکانی بەم پێڕەوەی سەرەوە بەرانبەر بکرێن.

سێتیله*

له رۆژنامەی بەدرخان ژمارە ٩٠ ی ٢٠٠٨/٢/٢٢ دا بڵاوبۆتەوە

ئەم وشانی خوارەوە هەر یەکە جووتۆکەی ئەوەکانی ترە:

(هەزار – هەنار – هەژار – هەوار – هەکار)

به جووتۆکەی (هەزار – هەنار) دوو فۆنیمی (ز) و (ن) دەسنیشان کرا.

به جووتۆکەی (هەزار – هەوار) دوو فۆنیمی (ز) و (و) دەسنیشان کرا.

به جووتۆکەی (هەزار – هەکار) دوو فۆنیمی (ز) و (ک) دەسنیشان کرا.

به جووتۆکەی (هەنار – هەژار) دوو فۆنیمی (ن) و (ژ) دەسنیشان کرا.

به جووتۆکەی (هەنار – هەوار) دوو فۆنیمی (ن) و (و) دەسنیشان کرا.

به جووتۆکەی (هەنار – هەکار) دوو فۆنیمی (ن) و (ک) دەسنیشان کرا.

به جووتۆکەی (هەوار – هەکار) دوو فۆنیمی (و) و (ک) دەسنیشان کرا.

بەم جۆره له ڕێی ئەم پێنج وشانەوە ، که هەر یەکەیان جووتۆکەی هەر یێکێکی تریانه ، ئەم پێنج فۆنیمەی زمانی کوردی (ز – ن – ژ – و – ک) دەسنیشان کرا.

هەر کۆمەڵه وشەیێک هەر یەکەیان تێیدا جووتۆکەی هەر یێکێکی تریان بێ (سێتیله) یێک minimal set پێکدەهێنن.

به هەمان پێڕەو له ڕێی سێتیلەیێکی تری وەک (چەور – هەور – کەور) ، تیایدا :

به جووتۆکەی (چەور – هەور) دوو فۆنیمی (ج) و (ه) دەسنیشان کرا.

به جووتۆکەی (چەور – کەور) دوو فۆنیمی (چ) و (ک) دەسنیشان کرا.

به چووتۆکەی (هەور – کەور) دوو فۆنیمی (ه) و (ک) دەسنیشان کرا.

بەم جۆره ئەم فۆنیمانه دەسنیشان کران :

(چ – ه – ک)

فۆنیمی (ک) له هەردوو سێتەکەدا دەرکەوتووە. هەر فۆنیمێک دووبارە دەرکەوێتەوە ، گه دەبرێ.

به بەراورد کردنی سێتیلەی تر فۆنیمی تر دەدۆزرێتەوە ، تا ڕادەیێک هەر چەند سێتیلەی تر بەراورد بکرێن ، هیچ فۆنیمی تر نادۆزرێتەوە . بەم جۆره سیستەمی فۆنیمیی Phonemic System زمانەکە دەسنیشان دەکرێت.

هەندێ نموونەی سێتیله له زمانی کوردیدا:

سێتیله	فۆنیمه دەسنیشانکراوەکان	ژمارە
نان – ژان – ڕان – پان – کان – شان - خان	ن – ژ – ڕ – پ – ک – ش - خ	٧
سوور – پوور – دوور – زوور - ژوور	س – پ – د – ز - ژ	٥
کوڕ – قوڕ – دوڕ – هوڕ	ک – ق – د - ه	٤
لات – کات – تات - مات - سات	ل – ک – ت – م - س	٥
شار – زار – پار – کار – هار – مار – دار – جار – یار - بار – پار – لار - تار - غار	ش – ز – پ – ک – ه – م - د – ج – ی - ب – پ – ل – ت - غ	١٤
تاڵ – ساڵ – زاڵ – ناڵ – خاڵ – ماڵ – پاڵ – داڵ - چاڵ	ت – س – ز – ن – خ – م – پ – د - چ	٩
کچ – کل – کڕ – کپ - کز	چ – ل – ڕ – پ – ز	٥
کەژ – کەس – کەف – کەم - کەر – کەل – کەش – کەچ - کەڕ- کەو	ژ – س – ف – م – ر – ل - ش – چ – ر - و	١٠
دڵ – گڵ – سڵ - چڵ	د – گ – س - چ	٤
پیر – تیر – شیر – سیر – میر – ژیر – لیر - بیر	پ – ت – ش – س – م – ژ – ل - ب	٨
سەر – بەر – کەر – گەر - هەر	س - ب - ک – گ – هـ	٥
پەڕ – کەڕ – تەڕ – بەڕ – مەڕ - لەڕ	پ – ک – ت – ب – م - ل	٦
نێر – فێر – تێر - ژێر	ن – ف – ت - ژ	٤
گێڕ – تێڕ - زێڕ	گ – ت - ز	٣
دوور – دار – دەر - دێر	وو – ا – ه - ێ	٤
پار – پیر – پوور	ا – ی - وو	٣
تەڕ – تێڕ – تۆڕ	ه – ێ - ۆ	٣
ژان – ژین - ژi ن -	ا – ی - i	٣
ژەنگ – ڕەنگ – هەنگ – دەنگ – مەنگ – پەنگ – لەنگ – سەنگ – شەنگ	ژ – ڕ – هـ – د – م – پ – ل – س - ش	٩
گن – ژن – من – ون	گ – ژ – م - و	٤

... هتد.

---

*زاراوەی (سێتیله) له وتارەکەدا (سێتۆکه) بوو ، گۆڕیم و کردم به (سێتیله).

ڕەگی داهاتوو... بەیەک یاسا

* کار لە زمانی کوردیدا[١] دوو ڕەگی هەیە (ڕابردوو) و (داهاتوو). هەموو کاتە ڕێزمانییەکان بەم دوو ڕەگە دادەڕێژرێن[٢].

* ڕەگەکان لە چاووگەوە وەردەگیرێن. بۆ وەرگرتنی ڕەگی ڕابردوو، یەک یاسای گشتیی بێ ناوێزە هەیە کە ئەمەیە:

(ن)ی چاووگ ⟵ Ø = ڕەگی ڕابردوو

* بۆ وەرگرتنی ڕەگی داهاتوو... چەند یاسایەکی جۆراوجۆر دەستنیشان کراون[٣] و بەشێ لە ناوێزەکان خراونەتە ڕوو. ئەنجام ئەم پێنج یاسایە دەستنیشان کراون کە لەم نەخشەیەدا ڕوون کراونەتەوە[٤]



تپ = تێپەڕ   تن = تێنەپەڕ   Ø ⟵ لادەبرێ

جۆری چاوگ		یاسا	نموونە	ڕەگی ڕابردوو	ڕەگی داهاتوو
ا	تێپەڕ	Ø ← أ	هێنان	هێنا	هێن
	تێنەپەڕ	ێ ← أ	سووتان	سووتا	سووتێ
ت	تێپەڕ	Ø ← ت	کەوتن	کەوت	کەو
	تێنەپەڕ	ێ ← ا	پاڵاوتن	پاڵاوت	پاڵێو
د	تێپەڕ	Ø ← د	چاندن	چاند	چێن
	تێنەپەڕ	ێ ← ا	مردن	مرد	مر
وو	تێپەڕ		دروون	دروو	دروو
	تێنەپەڕ	Ø ← وو	چوون	چوو	چـ
ی	تێپەڕ	Ø ← ی	ناسین	ناسی	ناس
	تێنەپەڕ		وەرین	وەری	وەر

ئەم (٣٢) چاوگە ناوێزەن[٥]... واتا هەر چاوگێک لەم لیستەیەدا نەبوو بەیاساکان ڕەگی داهاتووی وەردەگیرێ.

(بردن – بە)، (بەستن – بەست / بەس)، (بیستن – بیست / بیس)، (پشکووتن – پشکوێ)، (چێشتن – چێژ)، (خستن – خە)، (خواردن – خۆ)، (خواستن – خواز)، (دان – دە)، (دیتن – بین)، (ڕستن – ڕێس)، (ڕشتن – ڕێژ)، (ژیان – ژی/ ژیێ)، (سەندن – سێن / سەن)، (کردن – کە)، (ڕۆیشتن – ڕۆ)، (کرۆشتن – کرۆژ)، (کوشتن – کوژ)، (گواستن – گوێز / گواز)، (گوتن – ڵێ)، (گەستن – گەز)، (گەیشتن – گە)، (مان – مێن)، (ناشتن – نێژ)، (نان – نێ)، (نووستن – نوو)، (وتن – ڵێ)، (ویستن – ەوێ)، (هاتن – ێ)، (هاویشتن – هاوێ / اوێ)، ([هەڵ]سان – س / ست)، (هێشتن – هێڵ)

لەم ناوێزانەدا:

أ- [بەستن – بەس/ بیستن – بیس / سەندن – سەن]یشیان هەیە وەک ڕەگی داهاتوو... کە بەر یاساکان دەکەون.

ب- [ڕستن - ڕشتن] شێوەی [ڕێستن - ڕێشتن]یشیان هەیە... کە بەیاساکان ڕەگی داهاتوویان وەردەگیرێ.

ج- [چێشتن - کرۆشتن - کوشتن - گواستن - گەستن - ناشتن] هەموو ئەمانەش بەیاساکان ڕەگی داهاتوویان وەردەگیرێ [کە لابردنی (ت) و بوونی (أ ⟵ ێ)یە]. ئەوەندەیە دوای سەپاندنی یاساکە دوا فۆنیمی ڕەگی داهاتوو کە (بێ ژێ)ن (Voicless) سیمای ژێداری (Voiced)یان لێ دەنیشێ[٦].

د- [ژیان] ڕەگە داهاتووەکەی لە نژادا (ژیێ)یە، کە بەر یاساکە دەکەوێ. لەبەر قورسی و لە ئەنجامی سەپاندنی یاسای فۆنۆلۆجیی (assimilation) (ێ) کە سواوە و تواوەتەوە. (دەژییێم) بۆتە (دەژیم)... تاد.

هـ- [هاتن] بەپێی یاساکە دەبێ (هێ) ڕەگە داهاتووەکەی بێ. (ه) کە سواوە و تواوەتەوە... (دەهێم) بۆتە (دێم)...

* ئەگەر ئەم تێبینییانەی سەرەوە ڕەچاو بکرێن و ئەم لایەنانە بەیاسای فۆنۆلۆجییەکان چارەسەر بکرێن، ژمارەی ناوێزەکان لە (٣٢)ەوە دادەبەزێتە (١٩).

***

بەشیکردنەوە و تاوتوێ کردن و بەراوردکردنی ئەم پێنج یاسایە لەگەڵ یەک... دەردەکەوێ کە:

١- لە هەموویاندا دوا فۆنیمی ڕەگی ڕابردوو [د.ف.ر][٧] لادەبرێ [(وو)ی تێپەڕ و (أ)ی [تێنەپەڕ نەبێ].

٢- (ا) دەبێتە (ێ) لە چاوگە یائییەکانا نەبێ.

ئەم پێنج یاسایە... دەشێ بەپێی پێڕەوی (Collapssing)ی چۆمسکی لێک بدرێن و تێک بشکێنرێن و بکرێن بەیەک یاسای گشتی. بەم جۆرە:

١- [د.ف.ر] ⟵ Ø × [(وو)ی تێپ / (ا)ی تن]

٢- ا ⟵ ێ × [چاووگی یائی]

× ⟵ جگە لە

* هەر چاوگێ بەدەستەوە بگریت... ئەگەر لە لیستەی ناوێزەکاندا نەبوو... بەم یاسایە ڕەگی داهاتووی کارەکەی لێ وەردەگیرێ.

نموونە و ڕاهێنان

چاووگ	ڕەگی ڕابردوو	هەنگاوی یەکەم	هەنگاوی دووەم	ڕەگی داهاتوو
سپاردن	سپارد	د ← Ø	ا ← ێ	سپێر
خوێندن	خوێند	ا ← Ø	(ا) نییە	خوێن
تۆران	تۆرا	(ا) لانابرێ	ا ← ێ	تۆرێ
گروون	گروو	(وو) لانابرێ	(ا) نییە	گروو
کێڵان	کێڵا	ا ← Ø	–	کێڵ
تاشین	تاشی	ی ← Ø	(ا) ناگۆڕێ	تاش
بوون	بوو	وو ← Ø	(ا) نییە	ب
پرسین	پرسی	ی ← Ø	(ا) نییە	پرس
سوون	سوو	(وو) لانابرێ	(ا) نییە	سوو
گرتن	گرت	ت ← Ø	(ا) نییە	گر
سرەوتن	سرەوت	ت ← Ø	(ا) نییە	سرەو

پەراوێزەکان:

١- کرمانجیی خواروو.

٢- بۆ کاتەکانی زمانی کوردی و یاساکانی داڕشتنیان سەیری ئەم سەرچاوەیە بکە:
وریا عومەر ئەمین (١٩٨٦) چەند یاسایەکی مۆرفۆلۆجیی داڕشتنی فەرمان. گ. ڕۆشنبیری نوێ ژ ١٠٩ ل (٢٥٨-٢٦٣).

٣- سەیری سەرچاوە - ژ (٢) و (٥) و (٦) بکە.

٤- سەیری سەرچاوە - ژ (٣) بکە.

٥- لەوانەیە هی تریش هەبن.

٦- بەپێی مەنتیقی (ئاڵۆز لە سادەترەوە پێک دێت) دەبێ ئەمە بەپێچەوانەوە و بەم جۆرە بێت:
کە نیشانەی کاتی ڕابردوو (ت) دەچێتە سەر ڕەگی (چێژ - کوژ... تاد) دوا فۆنیمی ڕەگەکە سیمای ژێداریی Voiced خۆی دەدۆڕێنێ.

چێژ + ت ⟵ چێشت

کوژ + ت ⟵ کوشت

گەز + ت ⟵ گەست... تاد

ئەم یاسایانەی لەم باسەدا و ئەوانی پێشتر خراونەتە ڕوو بەزۆری یاسای ڕێزمانیی پێداگوگین... Pedagogical کە پێوەندیی مۆرفۆلۆجیی نێوان ڕەگی ڕابردوو و داهاتوو هەر لە (سیما)دا Surface دەخەنەڕوو. کە لە زۆر حاڵەتدا لەگەڵ سروشتی پێوەندیی نێوانیان لە (بنج)دا deep یەک ناگرنەوە... و... یاسا مۆرفۆنیمەکانیان دەستنیشان ناکەن...

جگە لە هەندێ تێبینی و وتاری لابەلا... تا ئێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی وا پێشکەش نەکراوە ئەم پێوەندییە لە (بنج)دا بخاتەڕوو. بۆ ئەمە سەیری ئەم باسانە بکە:

١- محەمەد مەعروف فەتاح (١٩٨٩) کار پۆلینکردن بەپێی ڕۆنان. گ. ڕۆشنبیری نوێ ژ ١٢١.

٢- وریا عومەر ئەمین (١٩٩٧) ڕەخنەی نارەخنە. گ. ڕۆشنبیری نوێ ژ ١٤٠.

٧- (د) یەکەم پیتی وشەی (دوا)یە... (ف) یەکەم پیتی وشەی (فۆنیم)ە... (ڕ) یەکەم پیتی وشەی (ڕەگ)ە. هەموو پێکەوە دەبن بە(د. ف. ڕ). واتا دوا فۆنیمی ڕەگ.

ئەم پێڕەوە لە زاراوەسازیدا بە Acronomy ناودەبرێ بەهەزاران ناو و زاراوەی زانستیی وەک (لێزەر) و (مێزەر) و (ڕادار) و (یونسێف)... تاد بەم پێڕەوە دارێژراون.

سەرچاوەکان:

١- ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی (١٩٧٦) کۆڕی زانیاریی کورد - بەغداد.

٢- نوری عەلی ئەمین (١٩٦٠) ڕێزمانی کوردی - چاپخانەی کامەران - سلێمانی.

٣- وریا عومەر ئەمین (١٩٨٢) کات و ڕەگی فەرمان. گ. ڕۆژی کوردستان - ژ ٦٥.

٤- وریا عومەر ئەمین (١٩٩٢) نیشانەکانی کات - گ. کاروان ژ ٩٢.

5- Mackenzie, D. N. (1961) Kurdish dialect Studies. V. I. London.

6- Waria Omar Amin (1979) Aspects of The Verbal construction in Kurdish. M. Phil Thesis Presented to The University of London.

*** ئەم وتارە لە گۆڤاری ڕامان- دەزگای ڕۆشنبیریی و ڕاگەیاندنی گوڵان، ژمارە (٤٩) ساڵی ٢٠٠٠، لاپەڕە ٢٣٣-٢٣٤ بڵاوکراوەتەوە.**

سەرگوزشتەی زانستیی
د. وريا عمر امين

- ١٩٤٧/٣/١٥ لە شاری کۆیە لە دایك بووە.
- قوتابخانـەی سـەرەتاییی لـە عەنـکاوە و ناوەنـدی و ئامادەیـی لـە هەولێـر تـەواو کـردووە.
- ١٩٧١ بەکەلۆریـۆسی لـە زمـان و ئـەدەبی کوردیـی لەزانکـۆی بەغـداد بـە یەکەمـی وەرگرتـووە.
- ١٩٧٢ - ١٩٨٠ لـە زانکـۆکانی مۆسـکۆ و لەنـدەن خوێندوویـەتی و بڕوانامـەی بەکەلۆریـۆس و دبلـۆم و ماجسـتێر و دکتـۆرای وەرگرتـووە.
- ١٩٨٠ بە مامۆستای زمانەوانی لە کولێجی پەروەردەی زانکۆی بەغداد دامەزرێنراوە.
- ١٩٨٢ – ١٩٩٩ سـەرۆکایەتیی بـەشی کوردیـی کولێجـی پـەروەردەی زانکـۆی بەغـدادی پێ سـپێرراوە.
- ١٩٩٢ پلـەی پرۆفیسـۆریی وەرگرتـووە. یەکـەم کەسـە پلـەی پرۆفیسـۆری لـە زمـانی کوردیـدا دەسـگیرکات.
- ١٩٩٧ بوو بە ئەندامی کۆڕی زانیاریی عیراق .
- ٢٠٠٤ دکتۆرای دووەمی لە مێژوودا وەرگرتووە.
- ٢٠٠٧ بوو بە ئەندامی کارای کۆڕی زانیاریی کوردستان (ئەکادیمییای کوردی).
- دامەزرێنـەری بـەشی خوێنـدنی بـاڵای ماجسـتێر و دکتـۆرای زمـان و ئـەدەبی کوردییـە لـە زانکـۆی بەغـداد و زانکۆکانـی کوردسـتان .
- پرۆفیسـۆری زمانەوانییـە لـە زانکـۆی بەغـداد و پرۆفیسـۆری وانەبێـژە لـە زانکـۆکانی سـەلاحەددین و سـلێمانی و کۆیـە و گەرمیـان و ڕاپەڕیـن .
- سەرپەرشـت و سـەرۆك و ئەندامـی لیژنـەی گفتوگـۆی زیاتـر لـە ٣٥٠ نامـەی ماجسـتێر و دکتـۆرا بـووە لـە زمـان و ئـەدەبی کـوردی و ئینگلیـزی و فـارسی و عـەرەبی و پـەروەردە و دەروونناسیدا.
- زمـانی کـوردی و ئینکلیـزی و عـەرەبی و تورکمانی و کلـدانی و ڕووسی و فـارسی دەزانـێ. بـە کـوردی و عـەرەبی و ئینگلیـزی دەنووسـێ و بڵاودەکاتـەوە

- زیاتر لە هەزار وتار و لێکۆڵینەوە و کتێبی لە بارەی زمان و ئەدەب و فەلسەفە و سالنامە و مێژوو و زانستدا بڵاو بۆتەوە.
- یەکەم بڵاوکراوەی شیعر بوو لە ساڵی ١٩٦٥ دا. کۆمەڵە شیعرێکی بەناوی (سەیرانێکی شیعرستان) ەوە لە ساڵی (٢٠٠٧) لە دەزگای ئاراسدا بڵاو بۆتەوە.
- پلەی زانستیی دەیان مامۆستای زانکۆی بەرزکردۆتەوە بۆ پڕۆفیسۆری و پڕۆفیسۆری یاریدەر و مامۆستا لە بواری زمان و ئەدەبی کوردی و ئینگلیزی و فارسی و ڕووسی و عەرەبی و پەروەردە و دەروونناسیدا.
- زیاتر لە ٤٠٠ سوپاسنامە و بڕوانامە و زرێی ڕیزلێنانی پێ بەخشراوە.
- زیاتر لە پەنجا لێکۆڵینەوە و باس و وتار لە بارەی کارەکانییەوە بڵاوکراونەتەوە.
- ٢٠١٢ خانەنشین کرا.
- ٢٠١٦/١/١٧ ناسناوی پڕۆفیسۆری نایابی لە زانکۆی بەغدادا پێ بەخشرا.

wariaamin@gmail.com
(+964) 750 817 1937